له کەناری ئاوەکانی بابیلۆن

پ.ی.د. محمد عزیز سعید

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

(وەرگێڕان)

(له یادەوەری بۆردوومانی شاری گیورنیکا له 1937/4/26 وێنەکێش پابلۆ پیکاسۆ له حوزەیرانی 1937 ئەم تابلۆیەی کێشاوە)

پێشەکی:

لەکاتی لاویمەوە، ئارەزووی شیعر و چیرۆك خوێندنەوەم هەبووە. بە سێ زمان : کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی. لە دواییین گەشتم لە فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی ئەستەنبول، لە پەرتووك خانەکە بە ڕێکەوت کتێبی " پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکام هاتە بەر چاو. بە تامەزرۆییەوە کڕیم. دەستم بە خوێندنەوەی کرد.

پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا لە ساڵی 2008 پڕۆفیسور میلتۆن کران پڕۆفیسۆری ئەدەبی ئینگلیزی زانکۆی جۆرج واشنتۆن ئامادەی کردوون و پێشەکی بۆنوسیون و بە چاپی گەیاندوون.

لەماوەی دوومانگی پشووی هاوین زوربەی چیرۆکەکانم خوێندەوەو زۆر تام چێژم لێ وەرگرت. بۆمەبەستی گەیاندنی مەعریفەت و ڕۆشنبیری بە ئارەزوومەندانی گەلەکەم (گەلی کوردوستان) بریارم دا هەندێکیان وەربگێڕم بۆ سەر زمانە پاراوەکەمان (زمانی کوردی) و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبمان بە ئەدەبی گەلانی ئەمەریکا. لە ماوەی 16 ڕۆژدا توانیم شەش چیرۆکیان وەربگێڕم.

چیرۆکی یەکەم (لەکەناری ئاوەکانی بابیلۆن) بە دەنگی خۆم لە یوتیوب تۆمارم کردوەو وخوێنەر لەم لینکەوە دەتوانی گوێ بیستی بێت.

https://www.youtube.com/watch?v=G1eQ8OUbD8w&feature=youtu.be

لێرەدا ئەم شەش کورتە چیرۆکە دەیخەینە بەر دەستی خوێنەرانی کوردستان بە هیوای ڕۆشنبیرکردنیان بە ئەدەبی ئەمەریکی .

سووپاس و پێزانینم ئاراستەی ڕێزدار سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین پڕۆفیسۆر دکتۆر ئەحمد ئەنوەر دزەیی دەکەم کە لەسەر ئەرکی زانکۆ لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین بە چاپی گەیاند.

وەرگێر تەموزی 2019

- **وەرگێر لە 1953/9/27 لە شاری قەلادزێ – دەڤەری پشدەر هاتۆتە دنیا.**
- **خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە قەلادزێ تەواوکردووە.**
- **لە 1977/6/26 بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە بەشی فیزیا/کۆلێژی زانست/زانکۆی سلێمانی بەپلەی یەکەم لەسەر ئاستی زانکۆ وەدەست هێناوە و خەلاتی سەرۆك کۆماری پێ بەخشراوە.**
- **لە 12/12/ 1980 بڕوانامەی ماستەری لە بواری کەشناسی لە زانکۆی برمنگهام لە وولاتی بەریتانیا وەدەست هێناوە.**
- **لە 2001/8/25 بڕوانامەی دکتورای لە بواری گەردوننناسی لە کۆلێژی زانست/ زانکۆی بغداد وەدەست هێناوە.**
- **لە 1977/11/15 لە زانکۆ دامەزراوە و تاوەکوو ئێستا بەردەوامە لە ڕاژە بە پلەی پڕۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.**

[یەکەم]

لە کەناری ئاوەکانی بابیلۆن : نووسینی ستیفن ڤینسنت بینیت

BY THE WATERS OF BABYLON: STEPHEN VINCENT BENET

لە کەناری ئاوەکانی بابیلۆن یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا نوسەری ئەمەریکی ستیفن ڤینسینت بەنیت نوسیویەتی و لە 1937/7/31 بۆ یەکەم جار بڵاو کراوەتەوە. ئەم نوسەرە شاعیر و چیرۆك نووس و ڕۆمان نووس بووە. لە 1895/7/22 لە ویلایەتی پنسلڤانیا لە ئەمەریکا لە دایك بووە و لە 1943/3/13 لە تەمەنی 44 ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

کورتە چیرۆکی لە کەناری ئاوەکانی بابیلۆن بە شێوەی گۆرانی و بە شێوازی چیرۆك خوێندنەوە بە دەنگ لە یو تیووب تۆمار کراوە خوێنەر لەئەم لینکانەوە دەستی دەکەوێ:

https://www.youtube.com/watch?v=M3YMRmCAbnU
https://www.youtube.com/watch?v=uTnspbSjKVc

دوای 81 ساڵ لە نووسینی چیرۆکەکە واتا لە 2018/7/31 وەرگێڕ کردوویەتی بە کوردی.

نوسەر ئەم چیرۆکەی نووسیوە وەکو کاردانەوەیەکی بۆردومان کردنی شاری گیورنیکا (Guernica) لە هەرێمی باسك وواڵتی ئیسپانیا لە 1937/4/26 لەکاتی شەری شارستانی (سیڤیلی) ئیسپانیا. هەر لەم ساڵەدا لە مانگی حوزەیران 1937 وێنەکێشی ناوداری ئیسپانی پابلۆ پیکاسۆ تابلۆی یادەوەری کێشاوە.

نووسەر کوژراوانی ئەم بۆردوومانە زۆر لە شەهیدان بەرزتر دەزانێت بۆیە پلە و پایەی " خواکان- Gods " ی بۆ داناون واتا " Place of The Gods = شوێنی خواکان = شوێنی مردووەکان".

بۆ ڕێز گرتنی باری کۆمەڵایەتی وواڵتمان , بەباشمان زانی لە جیاتی ووشەی "خوا "ووشەی "شەهید" بۆ مردووەکان بەکاربهێنین لەم چیرۆکەدا چونکە لە شەریعەتماندا شەهید بوون بەرزترین پلەیە..

باکور، ڕۆژئاوا ، باشوور شوێنی باشن بۆ ڕاوکردن، چوون بۆ ڕۆژهەلات ڕێگا پێنەدراوە. چوون بۆ شوێنی شەهیدان ڕێگا پێنەدراوە ، جگە لە گەڕان بە دوای مێتاڵ دا و ئەوەی دەست لە مێتاڵ بدات دە بێت قەشە یان کوڕی قەشە بێت. لە دواییدا ، پێویستە پیاو و مێتاڵ پاك بکرێنەوە. ئەمانە ڕێنماییەکان و یاساکانن، زۆر باش دارێژراون. پەرینەوە لە ڕووبارە مەزنەکە و تەماشاکردنی شوێنی شەهیدان ڕێگا پێنەدراون. بە هیچ شێوەیەك ڕێگایان پێنادرێ. ئێمە ناوی نابەین ، هەرچەندە ناوەکەی دەزانین. ئەو شوێنەیە کە خێو و جنۆکەکان لێی دەژین. ئەو شوێنەیە کە خۆڵەمێشی سووتانە گەورەکەی لێ یە. ئەمانە ڕێگا پێنەدراون – ڕێگا پێنەدراون ، لەو ڕۆژەوەی کات دەستی پێکردووە.

باوکم قەشەیە و منیش کوڕی قەشەم. من چوومەتە شوێنی مردووەکانی نزیکمان. یەکەم جار لەگەڵ باوکم چووم، دەترسام. کە باوکم ڕۆیشتە ناو خانووەکە بۆ گەڕان بە دوای مێتاڵ دا، لە ناو دەرگاکە دانیشتم و هەستم کرد دڵم بچووك و لاوازە.

خانووی پیاوە مردووەکە بوو، مااڵی ڕووحەکان. بۆنی پیاوی لێ نەدەهات ، هەرچەندە ئێسقاتی کۆن لە سووچی ژوورەکە هەبوو. گونجاو نەبوو کوڕی قەشە بترسێ. تەماشای ئێسقانەکانم لە سێبەرەکەدا کرد و بێدەنگ بووم.

باوکم له خانووەکە هاتە دەرەوە و مێتاڵەکەی بە دەستەوە بوو- پارچەیەکی باشی بەهێز . بە هەردوو چاوی سەیری کردم و منیش ڕام نەکرد. مێتاڵەکەی دامێ هەڵیبگرم و نەمردم. زانی کە من کوڕی ڕاستەقینەی ئەوم و لە داهاتوو دەبم بە قەشە. ئەمە لە کاتی لاویم بوو-بە هەر حاڵ ، هەرچەندە براکانم ڕاوچی باش بوون بەڵام نەیان دەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەن. پارچە گۆشتێکی باشیان دامێ و لە سووچێکی ئاگردانەکە دانیشتم ، بەردەوام باوکم سەیری دەکردم-دڵخۆش بوو کە دەبم بە قەشە. کاتێك بەبێ هۆ شانازییم بکردایە یان بگریابام ئەوا لە براکانم زیاتر ئەشکەنجەی دەدام — ئەمە ڕاستیەکەیەتی.

دوای ماوەیەك ڕێگام پێدرا بچمە ناو خانووی مردووەکان بە دوای مێتاڵ دا بگەڕێم و شارەزای ڕێگاکانی خانووی مردووەکان بووم — ئەگەر ئێسقان بام ئەوا نەدە ترسام- ئێسقانەکان سووك و کۆن بوون- ئەگەر دەستت لێ بدابان ، دەبوون بە خۆڵ- ئەمەش گوناهێکی گەورە بوو.

منیان فێری سروود و خوێندنەوەی لە سەرەخۆ کردبوو- منیان فێری چۆنیەتی ڕاگرتنی خوێنی بڕینەکان کردبوو — نهێنیەکان فێرکرا بووم- قەشە دەبی زۆر لە نهێنیەکان بزانێ — باوکم بەردەوام دووپاتی دەکردەوە.

ئەگەر ڕاوچییەکان وا بزانن ئێمە هەموو شتێك بە سروود و خوێندنەوەی لە سەرەخۆ ئەنجام دەدین، باوەڕیان وابێ- ئەوا ئازاریان نادات. من فێری خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکان کرابووم و فێری چۆنیەتی نوسینیان بوو بووم- ئەمەش سەخت بوو ، کاتی زۆر برد. مەعریفەتم دڵخۆشی کردبووم — وەکو کڵپە ئاگرێك وابوو لە ناو دڵم دا بڵێسەی دەدا. زۆربەی کات ، حەزم دەکرد گوێ بیستی ڕۆژانی ڕابردوو بم ، گوێ بیستی چیرۆکەکانی شەهیدان بم. زۆر پرسیارم لەخۆم دەکرد و وەڵامم نەبوو- بەڵام وا باشتر بوو پرسیارەکان لە خۆم بکەم. شەوانە ڕادەکشام و بە خەبەر بووم و گوێم لە ڕەشەبا دەگرت — وا هەستم دەکرد کە دەنگی شەهیدەکانە بە هەوادا دەفڕن.

ئێمە وەکو خەڵکی جەنگەڵ هیچ شتێك پشت گوێ ناخەین- ژنەکانمان خوری دەڕێسن و قەشەکانمان ڕۆبی سپی لەبەر دەکەن. گەرای کرمی سەردارەکان ناخۆین، نوسینە کۆنەکانمان لە بیر نەچۆتەوە، هەرچەندە تێگەیشتنیان ئەستەمە . بە هەر حاڵ، مەعریفەت و کەمی مەغریفەت لە ناخم دا چەقی بوون- حەزم دەکرد زیاتر بزانم. کاتێ بووم بە پیاو ، چوومە لای باوکم ووتم" کاتی گەشتەکەم هاتووە- ڕێگام پێبدە". سەیرێکی کردم و دەستی بە ڕیشی دا هێناو ووتی " بەڵێ- کاتی هاتووە".

ئەو شەوە لە خانووی قەشەکاری دا، داوای پاك کردنەوەم (دەست نوێژ گرتنم) کرد. جەستەم ئازاری ئەدام بەڵام ڕووحم وەکو بەردێکی سارد وابوو. باوکم بوو پرسیاری خەونەکانی لێ دەکردم. ناچاری کردم تەماشای دووکەڵی ئاگرەکە بکەم و بیبینم — ئەمەش هەر ئەوە بوو کە بەردەوام بینیبووم- ڕووبارو ئەو دیوی ڕووبار ، شوێنی مردنی مەزن — لە وێشەوە ڕێڕەوی شەهیدەکان، بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە، بە ڕوو گرژیەوە سەیری دەکردم- چیتر باوکم نە بوو- ئەو قەشە بوو. ووتی " خەونێکی بە هێزە". ووتم خەونی خۆمە و هەر لەو کاتەدا دووکەڵەکە شەپۆلی داو سەرم سووك بوو.

لە ژوورەکەی دەرەوە گۆرانی ئەستێرەیان دەگووت ، وەکو زیزەی مێش هەنگ بوو لە مێشکم دا. پرسیاری لێ کردم ، قەشەکان چ جۆرە جلێکیان لەبەر کردبوو؟ منیش پێم گووت. لە کتێبەکانەوە دەزانین قەشەکان چ جۆرە جلێك دەپۆشن. من ئەوانم دیت و وابوون، لە پێش من بوون. کە تەواو بووم ، سێ جار داردەستەکەی هەڵ داو لە شێوازی کەوتنە خوارەوەی دەکۆڵیەوە.

ووتی " خەونێکی زۆر بە هێزە" لە وانەیە بت خوات. بە هەردووچاوم سەیرم کردو ووتم "من ناترسم". دەنگم لە گوێمدا سووك بوو، هۆکارەکەشی دووکەڵەکە بوو. دەستی لە سینگ و ناوچاوانم داو سێ تیر و کەوانێکی دامێ. ووتی وەری بگرە. گەشت بەرەو ڕۆژ هەڵات ڕێگا پێنەدراوە. ناکرێ لە ڕووبار بپەڕیتەوە. ڕێگە نادرێ بچیت بۆ شوێنی شەهیدان. ئەمانەی ووتم هەموویان ڕێگە پێنەدراون، بەڵام دەنگم بوو قسەی دەکرد، ڕووحم نەبوو.

جارێکی تر تەماشای کردم ، ووتی کوڕم، جارێکیان خەونی نوێم دەدیت. ئەگەر خەونەکانت نەتخون، ئەوا دەبیت بە قەشەیەکی مەزن. ئەگەر خەونەکانت بتخۆن ، ئەوا هەر کوڕی من دەمێنیتەوە، ئێستا بڕۆ بۆ گەشتەکەت.

ڕۆیشتم ، بە ڕۆژوو بووم ، جەستەم ئازاری دەدام، بەڵام دڵم ئارام بوو . کە بەرەبەیان هات لە گوندەکە دوور کەوتبوومەوە و دیار نەمابووم. دەست نوێژم گرت و نوێژم کرد. چاوەڕێی سیگنالێ بووم . سیگنالەکەش بازێك بوو بەرەو ڕۆژهەڵات فڕی.

هەندێ جار ، خێوە خراپەکان سیگنالەکان دەنێرن. لەسەر تاشە بەردێکی تەخت چاوەڕێم کرد. بە ڕۆژووم ، خواردن ناخۆم. زۆر بێ دەنگ بووم- هەستم بە ئاسمان لە سەروومەوە و زەوی لە ژێرم دەکرد. چاوەڕێم کرد تاوەکوو خۆر دەستی بە ئاوابوون کرد.

سێ ئاسکە کێوی بە دۆڵەکەدا بەرەو ڕۆژهەڵات ڕێیان گرتە بەر و هیچ گوێیان بە من نەدا ، منیان نەبینی. بەچکە مامزێکی نێری سپیان لەگەڵ بوو . سیگنالێکی زۆر مەزن. دوور و نزیك دوایان کەوتم. چاوەڕێی ڕووداو بووم. دڵم دەلەرزی چونکە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیشتم. زانیم کە دەبێ بڕۆم. سەرم لەگەڵ بە ڕۆژوو بوونەکەم گێژی دەخوارد – تەنانەت قەڵمبازی پلنگەکە بۆ سەر بێچووە مامزە نێرەکەشم نەدی. بەڵام پێش ئەوەی بزانم ، کەوانەکە لە ناو دەستم بوو، هاوارم لێ کرد، پلنگەکە سەری هەڵ بڕی – ئاسان نەبوو. بە یەك تیر پلنگێك بکووژی ، تیرەکە بەناو چاوی دا ڕۆیشت ، لە مێشکی چەقی. پلنگەکە هەوڵی قەڵەمبازی دا بەڵام مردار بووەوە. خل بووەوە و زەوی هەڵ دەدڕی—بەمەش زانیم کە دەبێ بەرەو ڕۆژ هەڵات بڕۆم- زانیم کە ئەمە گەشتی منە. شەو هات ، ئاگرم کردەوە و گۆشتم برژاند.

گەشتی ڕۆژهەڵات هەشت خۆر (ڕۆژ) دەخایەنێ پیاو بە گەڵ شوێنی مردووەکاندا تێدەپەڕێ. خەڵکی جەنگەڵ لەم دۆخە دەترسن ، بەڵام من ناترسم. جارێك لە نزیك شوێنی مردووەکان بە شەو وە لە بەرەبەیان دا کردەوە. لە خانووی مردووەکان چەقۆیەکی باشم دۆزیەوە، کەمێك ژەنگاوی بوو. بچووك بوو، بەڵام دڵی گەورە کردم. هەرکاتێك سەیرم دەکرد، دەهاتە پێش تیرەکەم.

دووجار بە ئاهەنگی ڕاوچییەکانی خەڵکی جەنگەڵدا تێپەڕیم ، نەیان بینیم. زانیم کە تەلیسمەکەم بە هێزە، گەشتەکەم پاکە، هەرچەندە ، یاسا ڕێگای پێنەداوم.

کاتی ئاوا بوونی خۆری هەشتەم ، گەیشتمە کەناری ڕووباری مەزن. دوای نیو ڕۆژ گەشت کە ڕێگای شەهیدم بڕیبوو – ڕێگاکانی شەهیدان بەکار ناهێنین چونکە هەمووی سەخت و بەرداوی بوون- تاشە بەردی گەورە. ڕۆیشتن بە جەنگەڵ دا سەلامەت ترە، بەدرێژایی ڕێگا ئاوم دەدیت لە دارەکان دەهاتە دەرەوە- دارەکان ئەستوور بوون. لە کۆتاییدا لە جەنگەڵ هاتمە دەرەوە و شوێنێکی کراوەی فراوان بوو. لەسەر هەڵدێرەکە وە ، ڕووبارێکی گەورە لەخوارەوە دیار بوو، وەکوو زەبەلاحێك لە خۆر دا. زۆر درێژ و فراوان. ڕووبارێك دەتوانێ هەموو جۆگەلەکان قوت بدات و هێشتا هەر تینوو بێت. ناوی " Ou-dis-sun" بوو ، واتا پیرۆزە درێژەکە.

هیچ پیاوێکی خێڵەکەی من نەی دیتوە. قەشەی باوکیشم نەی بینیووە. ئەمەش تەلیسم بوو ، نوێژم کرد. چاوم هەڵبڕی و تەماشای باشوورم کرد. شوێنی شەهیدانم بەدی کرد. نازانم چۆن باسی بکەم کە چۆن بوو. تۆ نازانی، لەوێ بوون ، ڕەنگیان سوور بوو زۆر گەورەتر بوو لەوەی خانوو بن. لەوێ بوو ، تیشکی سووری لەسەر بوو. زۆر گەورە و داڕماو بوون. زانیم کاتێکی تر شەهیدەکان دەم بینن. بە دەستەکانم هەردووچاوم گرت ، بە خشکەیی چوومە ناو جەنگەڵەکە.

بەدڵنیاییەوە ئەمە بەس بوو بیکەم و بژیم. بە دڵنیاییەوە بەس بوو، نزیك نەدە بوومەوە. بە هەرحاڵ، بەدرێژایی شەو دەمزانی کە دەبێ لە ڕووبارەکە بپەڕمەوە و بەدوای شوێنی مردووەکان دا بگەڕێم. هەرچەندە ، لەوانەیە شەهیدەکان بمخۆن. تەلیسمەکەم یارمەتی نەدام، ئاگر لەناو جەستەم هەڵ دەقوڵاڵ، ئاگرێك لە ناو بیرو هۆشم دابوو.

کە خۆر هەڵات ، وام زانی گەشتەکەم بێگەردە. ئێستا لە گەشتەکەم دەگەڕێمەوە ماڵەوە. خۆ ئەگەر ئاواش بیرم بکردایەوە، نەم دەتوانی بگەڕێمەوە. ئەگەر بڕۆیشتمایەتە شوێنی شەهیدەکان ، بە دڵنیاییەوە دەمردم- ئەگەر نەچووما بایە ، هەرگیز جارێکی تر لەگەڵ ڕووحم ئاشتیم نەدەدی. باشترواید ، بەردەوام، ژیان لە دەست بچێت ، نەك ڕووح لە دەست بدەیت. بەتایبەت ئەو کەسە قەشە بێت یان کوڕی قەشە بێت.

بە هەر حاڵ، کە بەلەمەکەم دروست کرد ، فرمێسك لە چاوم هات، خەڵکی جەنگەڵەکە منیان دەکوشت، بە بێ شەڕ، ئەگەر هاتبان بۆلام ، بەلاّم نەهاتن. کاتێك بەلەمەکە تەواو بوو، پێشینەیەکم بۆ مردن گوت ، خۆم بۆ مردن ڕازاندەوە . دڵم سارد بوو وەکو بۆق و ئەژنۆکانم وەکو ئاو، بەلاّم سووتانەکەی ناو بیرو هۆشم ڕێگای پێ نەدەدام لە ئاشتیدابم. کاتێك بەلەمەکەم لە کەناری ئاوەکەوە پاڵ نا ، دەستم کرد بە ووتنی گۆرانی مردن. ئەمەش مافی خۆم بوو، گۆرانیەکی خۆش.

من ناوم (جۆن) ە، کوڕی جۆن.....

گەلەکەم ، گەلی گردەکەن ، ئەوان پیاون.....

دەچمە ناو شوێنی مردووەکان، من نە کوژراوم.....

مێتاڵەکە لە شوێنی مردووەکان دەردەهێنم، من نەتەقیومەتەوە.....

بە ڕێگای مردووەکاندا گەشت دەکەم، من ناترسم .....

ئێ...پلنگەکەم کوشت، بەچکە مامزەکەم کوشت.....

ئێ...چوومە ڕووبارە مەزنەکە... هیچ پیاوێك پێشتر لەمن نەچوو بوو....

ڕۆیشتن بۆ ڕۆژهەڵات ڕێگا پێنەدراوە، بەڵام من ڕۆیشتم...

ڕۆیشتن بۆ ڕووبارە مەزنە ڕێگا پێنەدراوەکە، بەڵام من لەوێم....

دڵت بکەوە، ڕووحت بکەوە، گوێ لە گۆرانیەکەم بگرە.....

ئێستا دەچم بۆ شوێنی شەهیدان، ناگەڕێمەوە.....

چەستەم بۆ مردن ڕازاوەتەوە ، لێوەکانم لاوازن....

کاتێ دەچم بۆ شوێنی شەهیدان ، دڵم گەورە دەبێت...

کاتێ کە دەچم بۆ شوێنی شەهیدان ، هەمووی وەکو یەك وایە ، دەترسام ، دەترسام . تەوژمی ڕووبارە مەزنەکە زۆر بە هێز بوو – بەلەمەکەم و سەوڵەکانمی برد . ئەمەش بۆ ڕووبارەکە تەلیسم بوو ، چونکە ڕووبارەکە فراوان و لەسەرەخۆ بوو. لە بەرەبەیانێکی درەو شاوە دا لە دەور و پشتم هەستم بە ڕووحی جنۆکەکان دەکرد ، لەو کاتەی بە ڕووبارەکەدا دەڕۆیشتمە خوارەوە ، لەسەر ملم هەستم بە هەناسەیان دەکرد. هەرگیز وا تەنیا نەبووم – هەوڵم دا بیر لە مەعریفەت بکەمەوە. بریتی بوو لە کۆمێك بەڕووی سمۆرەکانی زستان . هێز لە مەعریفەتم دا نەمابوو ، هەستم کرد بچووکم ، وەکوو زەرنەقووتەیەکی ڕووتی تازە لە هێلکە جووقاو- بە تەنیا لە ڕووبارە مەزنەکەدا ، کۆیلەی شەهیدەکان .

دوای چەند ساتێك ، چاوەکانم کردەوە ، هەردوو کەناری ڕووبارەکەم دیت ، جارێك بینییم ڕێگای شەهیدان بەوێ دا تێپەڕ دەبوو. ئێستاکە هەرچەندە شکاون و کەوتوون وەکو قەدی ڕووەکێکی شکاوە. زۆر مەزن بوون ، سەرنج ڕاکێش بوون و لە زەمانی سووتانە گەورەکەوە شکا بوون ، ئەو کاتەی ئاگر لە ئاسمان دەکەوتە خوارەوە. بەردەوام ، تەووژمی ئاوەکە منی بەرەو شوێنی شەهیدان دەبرد ، کەلاوەیەکی گەورە هاتە پێش چاووم.

ڕەوشتی ڕووبارەکان نازانم – ئێمە خەڵکی گردەکانین. هەوڵم دا بەلەمەکە بە جەمسەرەکەی کۆنترۆڵ بکەم ، بەڵام لە شوێنی خۆی دەخولایەوە . وام زانی ڕووبارەکە دەم بات بۆ ئەو دیوی شوێنی شەهیدان و دەرەوەی ڕووبارە تووڕە ئەفسانەکە . تووڕەبووم ، دڵم بەهێز بوو – بە دەنگێکی بە هێز ووتم " من قەشەم ، کوڕی قەشەم" شەهیدەکان گوێ یان لێم بوو – شەهیدەکان نیشانیان دام چۆن سەوڵەکە لە جەمسەری بەلەمەکەوە بۆ لایەك ببەم. تەوژمی ئاوەکە گۆڕا – بەرەو نزیك شوێنی شەهیدان ڕۆیشتم.

کاتێك زۆر نزیك بوومەوە ، بەڵەمەکەم شکاو هەڵ گەڕایەوە ، دەتوانم لە دەریاچەکەمان مەڵەوانی بکەم ، بە مەڵەوانی بەرەو کەناری ڕووبارەکە ڕۆیشتم ، بزماریّکی گەورەی ژەنگاوی لە ڕووبارەکە هاتبووە دەرەوە ، خۆم پێوە گرتەوە و دانیشتم — هەناسەم دا. کەوان و تیرەکان و چەقۆکەی لە شوێنی شەهیدان دۆزیبوومەوە کە منیان پاراستبوو هێشتا پێم مابوون.

بەڵەمەکە خولایەوە و شۆڕ بۆوە ناو ئاوە بەتەووژمەکە. سەیری بەڵەمەکەم کرد و بیرم کردەوە خۆ ئەگەر ڕای بما لێمابایە ئەوا بە بێ ئازار دەمردم . بە هەرحاڵ ، تیرو کەوانەکم بەست و ئامادەم کردو بەرەو شوێنی شەهیدان بە ڕێکەوتم. هەستم کرد زەوی لە ژێر قاچمە ، نەی سووتاندم . ئەوەی پێشینان دەیان گووت ، کە زەوی هەتا هەتایە ، دەت سووتێنێ ، ڕاست نەبوو. لێرە و لەوێ نیشان و بۆیەی سووتانە گەورەکە لە سەر کەلاوەکان بە دی دەکرێ و ڕاستە. بەڵام نیشان و بۆیەکان کۆنن. ئەوەی هەندێ لە قەشەکان دەیان گووت، دوورگەیە و جوان و دڵ ڕفێنە و بە تەم داپۆشراوە ، ڕاست نەبوو. وانیە. شوێنی مردوو مەزنە- مەزن تر‌ە لە شوێنی ئەو مردوانەی ئێمە دەی زانین. لە هەموو لایەك ڕێگاکانی شەهید بەدی دەکرێ. زۆربەیان ڕووخاون و تێك چوون. لە هەموو لایەك تاوەری ڕووخاوی بەرزی شەهیدان بە دی دەکرێ.

نازانم چۆن باسی بینینەکانم بکەم؟ بە هەستیاریيەوە ڕۆیشتم ، کەوانەکەم پێیە ، ئامادەم بۆ بەرەنگار بوونەوەی مەترسی . نالەی ڕووحەکان و هاواری جنۆکەکان لە هەموو لایەکەوە دەهات. کاتی گەیشتنم ڕۆژێکی زۆر خۆش و ئارام بوو. با و باران و ڕیقنەکەرەکان کاری خۆیان کردبوو- گیا لە نێوان تاشە بەردە شکاوەکان شین بوو بوو. دوورگەیەکی خۆشە، بۆیە شەهیدەکان خانوەکانیان لە وێ دروست کردووە. ئەگەر منیش وەکو شەهید لەوێ بوومایە ، ئەوا مانێکم دادەمەزراند.

نازانم چۆن باسی بینینەکانم بکەم؟ هەموو تاوەرەکان نەڕووخا بوون، لێرەو لەوێ چەند تاوەرێك مابوون، وەکو داریّکی مەزنی ناو جەنگەڵ و هێلانە بەرزەکانی باڵندەکان. تاوەرەکان کوێر بوون ، چونکە شەهیدەکان ڕۆیشتبوون.

بازە ماسی گرەکەم دیت، لە روبارەکە ڕاوی دەکرد. پەپوولە سپیيە سەماکەرەکانم بینی ، لە سەر تاشە بەردە شکاوەکە سەمایان دەکرد.چوومە ئەوێ و سەیری خۆمم کرد. بەردێکی لار بووەوەی لا تیژ، ببو بە دوو پارچە بە دی دەکرا. دەتوانم پیتەکانی سەر بەردەکە بخوێنمەوە ، بەڵام لە ماناکانی تێناگەم. وتیان UBTREAS (باڵەخانەیەکە لە نیویۆرك) . پەیکەرێکی شکاوی پیاو یان شەهیدی لە سەر بوو. لە بەردی سپی دروست کراوە ، پرچی درێژی وەکو ژنان لەپشت سەری بەستوە ، ناوی ASHING بوو ، پەیکەری یەکێك لە شەهیدەکانە (جۆرج واشنتن- سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا).لەسەر پاچە بەردەکە نووسرابوو و خوێندمەوە.

هەرچەندە ئەم شەهیدە ناناسم ، وام زانی ژیرییە نوێژ بۆ ئاشینگ بکەین . بەرەو باکوور بەڕێ کەوتم ، هەوڵم نەدا خۆم بشارمەوە. ئەگەر شەهیدەکان یان جنۆکەکان منیان بدیتبایە، لەوانەبوو بمردبام. لەم کاتەدا من چیتر نەدەترسام.

ئارەزووی مەعریفەت ناخمی دەسوتاند ، ئەوەندە زۆر بوو لێی تێنەدەگەیشتم. دوای چەند ساتێك هەستم بە برسییەتی کرد. دەکرا بۆ گۆشت ڕاو بکەم ، بەڵام ڕاوم نەکرد. زانراوە شەهیدەکان وەکو ئێمە ڕاو ناکەن. خواردنیان لە ناو قووتووی جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ دێت. هەندی جار ، هەندێ لەئەم خواردنانە لە شوێنی شەهیدان بەدی دەکرێن.

کاتێك منداڵ و گەمژە بووم ، یەکێك لەم قووتووانەم کردەوە و تامم کرد، شیرین بوو. باوکم زانی و سزای دام. چونکە خواردنەکە ماوەی بەسەر چوو بوو و مردبوو. ئێستاکە ماوەیەك بەسەر چووە چوومەتە ڕێگا پێنەدراوەکان . چوومە ناو تاوەرە خۆشەکان ، دەگەڕام بۆ خواردنی شەهیدەکان.

لە ناو کەلاوەی پەرستگا مەزنەکەی ناوەندی شار ، خواردنەکەم دۆزییەوە. پەرستگایەکی زەبەلاح ، بن میچەکانی بۆیاخ کرابوون ، لەسەر شێوەی ئاسمان و ئەستێرەکان لە شەو دا. ئەوانەم دەبینی ، هەرچەندە ڕەنگەکان کاڵ ببوونەوە. ژێر زەمینەکەی لە شێوەی تونێل و ئەشکەوت بوو. لە وانەیە کۆیلەکان لەوێ بەند کرابوون.

بازم دایە خوارەوە ، گوێم لە زیکەی جورجەکان بوو- نەڕۆیشتم. جورجەکان پاك نین ، لەوانەیە گەڵێ کۆمەڵگایان هەبێ. لە نزیکیانەوە لە ناوەندی کەلاوەکە ، لە پشت دەرگا کراوەکە ، خواردنم دۆزییەوە. تەنیا میوەکانم خوارد ، زۆر شیرین بوون. لە ناو بوتڵە شووشەکان خواردنەوەش هەبوو. خواردنەوەی شەهیدان بەهێز و خەستە ، تووشی سەر سووڕانی کردم. دوای خواردن و خواردنەوە لەسەر تاشە بەردەکە لێی خەوتم ، تیرو کەوانەکەم لە تەنیشتم بوو.

کەخەبەرم بووە وە ، خۆر هێشتا نزم بوو. لەلای خوارەوە سەگێکم دیت ، لەسەر پاشەڵی هەڵتووتەکابوو ، زمانی دەرهێنابوو ، وەك ئەوە وابوو پێبکەنێ. سەگێکی گەورە بوو، ڕەنگی پێستی ، قاوەیی و خۆڵەمێشی بوو، گەورە بوو بەقەد باڵای گورگێك. بازم داو هاوارم لێکرد ، لە جێگای خۆی نەجووڵا. لە شوێنی خۆی مایەوە، وەکو پێبکەنێ وابوو. کەیفم بەم دۆخە نەدەهات. بەردێکم بۆ هاویشت ، خۆی لە بەردەکە لادا. لەمن نە دەترسا و وای دەزانی خواردنی ئەوم. دەمتوانی بە یەك تیر بیکوژم ، بەڵام نەم دەزانی سەگی تری لێیە یان نا. خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت.

تەماشای دەورو پشتمم کرد ، لە نزیکمەوە ڕێگایەکی تێکچووی شەهید بەرەو باکوور هەبوو. تاوەرەکان بەرز بوون ، زۆر بەرز نەبوون، مااڵی شەهیدان ڕووخا بوون ، بەڵام شوێنی دانیشتن مابوو. بەرەو ڕێگای شەهید ڕۆیشتم . سەیری بەرزیی کەلاوەکانم دەکرد ، سەگەکەش دوام کەوت.کە گەیشتمە ڕێگای شەهید ، دیتم سەگێکی زۆرم لە دواوەیە. ئەگەر بخەوتابام ، ئەوا بەسەر جەستەمدا هاتبوون و قوڕگیان دڕاندبووم.

دیار بوو ، سەگەکان لەمن بێ گوومان بوون و بە پەلە نەبوون. چوومە ناو خانووی شەهید ، سەگەکان بەردەوام تەماشای ناو دەرگاکەیان دەکرد- بێ گوومان چاوەڕێی ڕاوێکی چەوریان دەکرد. بەڵام سەگەکان ناتوانن دەرگاکە بکەنەوە. لە کتێبەکان دەمزانی کە شەهید حەز ناکات لەسەر زەوی بژی. بەڵکو حەز لە شوێنە بەرزەکان دەکات.

هەر لەم کاتەدا زانیبووم کە دەتوانم دەرگاکە بکەمەوە — سەگەکان پەلەیان کرد. ها.. ، لەلایان جێی سەرسوڕمان بوو کە دەرگاکەم بە ڕوویان دا داخست. دەرگایەکی باش ، لە مێتالێکی بە هیز دروست کرابوو.

لە پشت دەرگاکەوە ، گوێم لە وەڕینیان و حەپە حەپیان بوو. وەلامم نەدانەوە. لە شوێنێکی تاریك وەستابووم- قادرمەکانم دۆزیەوە، سەر کەوتم. قادرمەی زۆری لێ بوو. بە دەوری خۆم دا دەخولامەوە. تاوەکو گێژ بووم. لەسەرەوە دەرگایەکی تر هەبوو- شوێنی کلیلەکەم دۆزیەوە و دەرگاکەم کردەوە. ژوورێکی بچووکی درێژ- لە لایەکیەوە دەرگایەکی بڕۆنزی هەبوو، نەدەکرایەوە- منیش هیچ چارم نەبوو — لەوانەیە ووشەیەکی تەلیسمی هەبێ دەرگاکە بکاتەوە. ئەم ووشەیەم نەدەزانی. تەماشای پشتی دەرگاکەم کرد، قفڵەکە شکا بوو ، دەرگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە.

لەناو ژوورەکەدا ، شوێنی گەورەی دەوڵەمەندەکانی لێبوو. ئەو شەهیدەی لێرە ژیاوە ، شەهیدێکی زۆر مەزن بووە. یەکەم ژوور ، ژووری دانیشتنی بەیانیان بوو- بۆ ماوەیەك چاوەڕێم کرد. بە ڕووحەکانم گووت ، من بە ئاشتی هاتووم ، دز نیم. وا پێ دەچوو کاتیان هەبوو گوێ بیستم بن، بەردەوام بووم.

ئای، چۆن دەوڵەمەند ! زۆر کەم ، پەنجەرەکان شکابوون — هەرواش پێشبین دەکرا. پەنجەرە گەورەکەی بەسەر شاردا دەی ڕوانی نە شکابوو، هەرچەندە ، خۆلاوی بوو ، تەمەنی سالانی پێوە دیار بوو. لە زەمینی ژوورەکە ، ڕاخراو هەبوو، ڕەنگەکانیان زۆر کاڵ نەبووبوونەوە ، کورسییەکان نەرم و قوواڵ بوون.

هەندێ وێنە بە دیوارەکانەوە بوون. زۆر سەر سوور هێنەرو جوان بوون- دەسکێك گواڵ لە ناو ئینجانەکەدا بوو. ئەگەر لێی نزیك ببوایەوە ، هیچت نەدەبینی ، جگە لە ڕەنگ. کە لێی دوور دەکەوتیتەوە ، گوڵەکان وا خۆیان نیشان دەدا، وەکوو بڵێی دوێنی لێکراونەوە. دڵم ئەم وێنەیەی لە لا سەیر بوو. سەیرکردنی پەیکەری باڵندەکەی سەر مێزەکە کە لە قوڕ دروستکرابوو، زۆر لە باڵندەکانی لای خۆمان دەچوو.

لە هەموو لایەك ، کتێب و نووسین هەبوو. زۆربەیان بە زمانێك نوسرابوون ، لێیان تێنەدەگەیشتم. ئەم شەهیدەی لێرە ژیاوە، شەهیدێکی ژیرو مەعریفەت دار بووە. هەستم کرد لەوێم و باسی مەعریفەتم کرد.

بەهەر حاڵ- سەرنجڕاکێش بوو. شوێنی خۆ شووشتن (گەرماو) ی لێبوو- ئاو نەبوو. لەوانەیە شەهیدەکان لە هەوادا خۆیان شووشتبێ. ناندین(چێشتخانە) ی لێبوو. ئاگردانی نەبوو. مۆم و چراشی لێ نەبوو. هەندێ شتی لێبوو بە چرا دەچوون بەلام نەوت و پڵێتەیان تێدا نەبوو. ئەمانە هەمووی تەلیسم بوون ، من دەستم لێدان وهەستم پێ یان کرد — تەلیسمەکە لە ناویان دا نەمابوو. ڕێگام پێبدەن شتێك بڵێم. لەگەرماوەکەدا شتێك هەیە پێی دەڵێن "گەرم" بەلام گەرم نەبوو، شتێك هەیە پێی دەڵێن "سارد" بەلام سارد نەبوو. دەبێ ئەمە تەلیسمێکی بە هێز بووبێ ، ڕۆیشتووە ، لێرە نەماوە- من تێ ناگەم- شێوەیان هەیە — حەزم دەکرد بم زانیبایە.

لەناو ماڵەکەدا ، جل و بەرگی خولاوی و وشکی شەهیدانی لێ بوو. ووتم جادوو گەرەکان ڕویشتوون، بەلام ڕاست نیە- کەرەستە جادوویەکان ڕۆیشتوون، بەلام شتەکانیان نەڕۆیشتوون ، هەر لێرە ماون. لە دەوروپشتم هەستم بە

ڕووحەکان دەکرد ، خۆیان بە سەرم دا دەدا. لە ژیانم دا لە شوێنی مردووان (گۆڕستان) نەخەوتووم- بەڵام ئەمشەو پێویستە لێرە بخەوم. کاتێك بیرم لەمە کردەوە ، زمانم لە ناو قوڕگم دا ووشك بوو. هەرچەندە ئارەزووی درککردنی مەعریفەتم هەبوو. دەبوایە بچمە خوارەوە و ڕوو بەڕووی سەگەکان ببمەوە. بەڵام نەچوومە خوارەوە.

نەچوومە ناو هەموو ژوورە تاریکەکان. هەستم بە شتێك کرد، گەڕامەوە ژوورە گەورەکەی بەسەر شاردا دەڕوانێ، ئاگرم کردەوە، ئاگردانی لێ بوو، کۆمەڵێك داری سوتاندنی لێ بوو. باوەڕناکەم ، لێرە خواردنیان دروست کردبێ. خۆم بە ڕایەخی ژوورەکە داپۆشی و بەرامبەر ئاگردانەکە لێی خەوتم—زۆر هیلاك بووم.

ئێستا باسی تەلیسمی بەهێز دەکەم. لەنیوەشەودا خەبەرم بۆوە، ئاگرەکە کووژابووەوە، سەرمام بوو. وا پێدەچوو، دەورو پشتم چرپەو دەنگە دەنگیان لێوە دەهات. بۆ ئەوەی بێدەنگیان بکەم ، چاوەکانم داخست. بڵێی جارێکی تر خەوتبمەوە، لەو باوەڕەدا نیم. هەستم دەکرد ڕووحەکان ، ڕووحم ڕادەکێشن ، وەك ماسییەك لە ئاو دەری بهێنی.

بۆچی درۆ بکەم؟ من قەشەم و کوڕی قەشەم. هەروەکو دەڵێن، ئەو ڕووحانە لە شوێنە بچووکەکەی مردووەکان لە نزیك ئێمە هەن. لە شوێنە مەزنەکەی شەهیدەکان نین.حەزیان لە قسەکردن نیە. لە دوای ئەم سالأنە دەزانم ، هەستم کردووە ڕاکێشراوم وەکوو ڕاکێشانی ماسی بە قوولاب. لە جەستەم چوومەتە دەرەوە. خۆمم دەبینی لە پێش ئاگردانە ساردەکە، خەوتبووم ، بەڵام من نەبووم. من ، ڕاکێشرابووم تاوەکو شاری شەهیدان ببینم.

وا پێ دەچوو ، تاریك بوو، چونکە شەو بوو. بەڵام تاریك نەبوو. لە هەموو شوێنێك ڕووناکی هەبوو—شەبەنگی ڕووناکی—تەمی ڕووناکی بازنەیی—دەهەزار لایت (تۆرچ) ئەم ڕووناکیەی نەدەبەخشی. ئاسمان دەدرەوشایەوە — بە ئاستەم دەتوانی ئەستێرەکان ببینی. ووتم ، ئەوەیە "تەلیسمی بە هێز" و دەلەرزیم. لە ناو گوێم دا ، هاشە هاشێك، لە شێوەی هاژەی ڕووبار دەهات. چاوەکانم بە ڕووناکیەکان و گوێم بە هاشە هاشەکان کرانەوە. زانیم من شارەکە دەبینم بە هەمان شێوەی ئەو کاتەی شەهیدەکان لە ژیان دا بوون.

لە ڕاستیدا ، ئەمە بینین بوو، بەڵێ ، ئەمە ڕووناکی بوو: هەرگیز لە جەستەمدا نەمدەبینی. ئەگەر بمبینیبایە ، ئەوا جەستەم دەمرد. لە هەموو لایەکەوە ، شەهیدەکان ، بە پیادە و بە گالیسکە دەڕۆیشتن. ژمارەیان هەژمار نەدەکرا ، گالیسکەکان شەقامەکانیان گرتبوو. بۆ خۆشیی خۆیان شەویان کردبوو بە ڕۆژ. لە گەڵ خۆر نە دەخەوتن. دەنگ و نالەی هاتوو چۆیان، دەنگ و هاژەی ئاوەکان بوو. ئەمە تەلیسم بوو. دەتوانین بیکەین، تەلیسم بوو کردیان.

لە پەنجەرەیەکی تەوە تەماشای دەرەوەم کرد، ڕووەکە مەزنەکانی پردەکان، چەمابوونەوە. ڕێگاکانی شەهید ، بەرەو ڕۆژ ئاوا و ڕۆژهەلأت بوون.

بەبێ ووچان، بەبێ ووچان ، شەهیدەکان بەردەوام لە جوولّە دابوون ! چەند تونێلّکیان لە ژێر ڕووبارەکان لێ دابوو. بەهەوادا فڕین. بە ئامێری باوەڕ پێ نەکراو، کاری مەزنیان ئەنجامدا- هەموو زەویان داگیر کردبوو. ئەگەر

ئارەزووی شتێکیان بکردایە، لە بەشەکانی تری جیهان داوایان دەکرد. هەردەم هەروەکوو کاریان دەکرد و دەحەسانەوە، بە هەمان شێوە ئاهەنگ و خۆشیان دەگێرا. لێیان دەدا وەکوو دڵی پیاو.

دڵخۆش بوون ، دڵخۆشی شەهیدان چیە؟مەزن بوون، زەبەلاح بوون، زۆر قەشەنگ بوون، ناخۆشی گوزەران بوون. کاتێك تەماشای خۆیان و تەلیسمەکەیانم دەکرد، وەکوو مندالێك هەستم دەکرد. کەمێ زیاتر ، ڕادەکشێنە خوارەوە. دەمبینین ، لە گەڵ ژیریی ، لە دوای ژیریی ، مەعریفەت لە دوای مەعریفەت. ئەوەی دەیان کرد هەمووی باش نەبوو- هەرچەندە دەم بینی- ژیرییەکانیان نەش و نمای دەکرد تاوەکوو هەمووی دەبوو بە ئاشتی.

لە کۆتاییدا بە چارەنووسی خۆیان گەیشتن، ووتەیەکی سەختە. چارەنووسیان هات، لەو کاتەی شەقامی شارەکەیان دەبڕی. لە گەڵ خەڵکی جەنگەڵەکە لە شەڕدا بووم.- پیاوانم دەدی دەمردن. بە شێوازی شەڕی شەهیدەکان لەگەڵ شەهیدەکان نەبوو.جۆرە چەکێکیان بەکار دەهێنا نازانین چیە. تۆپە ئاگر و تەمی ژەهراوی لە ئاسمان دەهاتە خوارەوە. کاتی سووتانە گەورەکە و وێران کردنەکە بوو کە بە هەموو لایەك دا ڕایان دەکرد.وەکوو مێروولەکان لەسەر شەقامی شارەکەیان- شەهیدە هەژارەکان ، شەهیدە هەژارەکان.

تاوەرەکان دەستیان کرد بە کەوتنە خوارەوە. هەندێکیان ڕایان کرد ، بەڵێ هەندێکیان ، چیرۆکە ئەفسانەییەکە وا دەڵێ. دوای چەند ساڵێکیش لەوی کە شارەکە ببو بە شوێنی مردوو ، هێشتا ژەهرەکە لەسەر زەوی هەر مابوو. ڕووداوەکەم دی ، دوا پیاوەکانم دی مردبوون. تاریکی بەسەر شارەکەدا هاتبو ، بە کوول گریام .

ئەمانەم هەموو دیت، هەروەکو باسم کرد، بەڵام لە جەستەمدا نەبوو. کاتی بەیانی، هەڵسام لە خەو، برسیم بوو. یەکەم جار بیرم لە برسیەتییەکەم نەکردەوە، بیرم لە شێواویی دڵم دەکردەوە و شێواو بووم.

هۆکاری شوێنی مردووەکانم دەزانی ، بەڵام نەم دەزانی بۆچی ڕوویدا. وام هەست دەکرد، کە نەدەبوایە ڕووبدات ، لەگەڵ ئەو تەلیسمانەی هەیان بوو. بەناو خانووەکەدا ڕۆیشتم، دەگەڕام بۆ وەلام. گەڵ شت لەناو خانووەکەدا بوو، لێی تێنەدەگەیشتم — هەرچەندە من قەشەم و کوڕی قەشەم. وەکوو ئەوە وابوو لە کەناری ڕووبارە مەزنەکە بیت و هیچ ڕووناکییەك نەبێ ڕێگاکە ببینی.

شەهیدێکی مردووم بینی، لەسەر کورسیەکەی دانشتبوو، لەپێش پەنجەرەی ژوورێك کە من نەم بینی بوو. یەکەم جار وام زانی زیندووە. پێستی پشت دەستیم بینی، وەکوو چەرمێکی ووشك وابوو. ژوورەکە داخرابوو، ووشك و گەرم- بێ گوومان ئەمە هۆکاری مردنەکەیەتی. لەسەرەتادا ترسام لێی نزیك ببمەوە- ترسەکەم ڕەوییەوە. دانیشتبوو تەماشای شاری دەکرد. جل و بەرگی شەهیدانی لەبەر کردبوو. تەمەنی ناوەند بوو- نە گەنج نە پیر- نازانم چەند ساڵان بوو. بەڵام ژیری و غەمگینی لە دەم و چاوی دا بە دی دەکرا. وا دیارە ڕاینەکرد بوو. دانیشتبوو، تەماشای مردنی شارەکەی دەکرد ، خۆشی مرد.

لە دەستدانی یەکێك باشترە لەدەستدانی ڕووحێك- ئەمەش لە دەم وچاوی دەبینرا کە ڕووحەکە لەدەست نەچووە. دەمزانی ئەگەر دەستی لێ بدەم دەبێت بە خۆڵ — هەرچەندە هەندێ شت لە دەم و چاوی دا هەبوو ، نە دەخوێندرایەوە.

ئەوە هەموو چیرۆکەکەمە، دەمزانی کە ئەوە پیاوە، زانیم کە هەموویان پیاون، نەشەهیدن و نە عفریتێکی مەزنە ، ستەمە باوەڕ بکەی. ئەوان پیاو بوون- بە ڕێگایەکی تاریك دا ڕۆیشتن، بەڵام پیاو بوون. دوای ئەوە ترسم نەما و نەترسام بگەڕێمەوە ماڵەوە. هەرچەندە دوو جار لە گەڵ سەگەکان شەڕم کرد و یەك جاریش خەڵکی جەنگەڵ ڕاویان کردووم.

کە باوکمم بینی ، دەست نوێژم گرتبوو، نوێژم کرد. دەستی لە لێوەکانم و سینگم دا، ووتی"ڕۆیشتیت وەکوو کوڕ، گەڕایتەوە وەکوو پیاو ، وەکوو قەشە" وتم بابەگیان، ئەوان هەموویان پیاو بوون! چوومە شوێنی شەهیدەکان و هەموویانم بینی، ئێستا سەرم ببڕە، بم کووژە ، ئەگەر ئەمە یاسایە- بەڵام من هەر دەزانم کە ئەوان پیاو بوون.

بە چاوەکانی سەیری کردم. ووتی"هەموو کات ، یاساکان هەمان شێوەیان نیە- ئەوەی کردت- کردت. لە ژیانم دا من نەم دەتوانی ئەنجامی بدەم، تۆ لەدوای من هاتی و ئەنجامتدا. بۆم باس بکە". بۆم باس کردوو ئەویش گوێی لێڕاگرتم، حەزم دەکرد بۆ هەموانی باس بکەم، بەڵام باوکم پێی باش نەبوو. ووتی " ڕاستی ، مامزێکی بە هێزە ، ئەگەر ڕاوی بکەی ، ئەگەر بەیەك جار هەموو ڕاستیەکان بخۆی ، لەوانەیە بمری. بێ هۆ نیە کە باپیرانمان شوێنی مردووەکانیان ڕێپێنەداوین" .

باوکم ڕاستی کرد — باشتر وایە ڕاستیەکان کەم کەم بدرکێنی. زانیم ، قەشەکان لە ڕۆژانی ڕابردوودا ، مەعریفەتیان زۆر خێرا خواردووە. بە هەر حاڵ، ئێمە سەرەتاکەمان دەست پێکرد، بە تەنیا بۆ خاتری مێتاڵەکە نیە دەچین بۆ شوێنی مردووەکان- بەڵکو بۆ کتێبەکان و نووسینەکانە. فێربوونیان زەحمەتە. هۆکاری تەلیسمەکان شکاون- بەڵام دەتوانین سەیریان بکەین و سەرنجیان لێبدەین. بە لایەنی کەم ، سەرەتاکە دەست پێبکەین.

کاتێ بووم بە سەرۆکی قەشەکان، دەڕۆین بۆ ئەو دیوی ڕووبارە مەزنەکە. دەچین بۆ شوێنی شەهیدان- شاری نیویۆرك، یەك پیاوە، بەڵکوو ، کۆمەڵێك پیاون. سەیری وێنەی شەهیدەکان بکەین ، شەهید ئاشینگ و ئەوانی تر بدۆزینەوە- شەهیدان ئەبڕاهام لینکۆلین و بیلتیمۆر و مۆزس. پیاوەکان بوون شاریان دروست کرد، شەهیدەکان و عفریتەکان نەبوون. پیاو بوون. دەم و چاوی مردووەکەم لە یادە. پیاوەکان لە پێش ئێمە لە وێبوون- پێویستە جارێکی تر ، شار بینا بکەینەوە.

[دووەم]

پیاوی جیهان - نوسینی ئیرنست هیمنگوای

A Man of the World- Ernest Hemingway

پیاوی جیهان (A Man of the World) یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا نوسەری ئەمەریکی ئیرنست میللەر هیمنگوای" Ernest Miller Hemingway " نوسیویەتی. ئەم نوسەرە ڕۆژنامەنووس و چیرۆك نووس و ڕۆمان نووس بووە. لە 1899/7/21 لە ویلایەتی ئیلینۆیس " Illinois " لە ئەمەریکا لە دایك بووە و لە 1961/7/2 لە تەمەنی 62 ساڵیدا لە ویلایەتی ئیداهۆ " Idaho " بە خۆکوشتن کۆچی دوایی کردوە. ئیرنست هیمنگوای لە شەری جیهانی یەکەم وەکو شۆفێری ئەمبولانس بەشداری کردوە. لەساڵی 1954 خەلاتی نۆبڵ-ی لە ئەدەب پێ بەخشراوە.

پیاوی جیهان کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکییە و باس لە پیاوێکی کوێر دەکات کە بێ ماڵ و حاڵ بووە. بەردەوام خەریکی قومارکردن بووە لە سەر ئامێرەکانی یاری قوومار لە سالۆنەکان. ئەم پیاوە هەستی بۆن کردنی باش نەبووە و حەزی نەکردووە بە ناوی ڕاستەقینەی" Blackie " ناو ببرێ بەڵکو حەزی لە نازناوی " کوێرە" بووە کە لە ئەنجامی شەڕکردن لە گەڵ یەکێك لە برادەرەکانی کۆر بووە. کوێرە نیشانەی پیاوەتی و مرۆڤێکی مەزن بووە و ئیلهامی چیرۆك نووسینی بە نووسەر بەخشیوە. ناوی چیرۆکەکە" پیاوی جیهان" ووتەیەکە لە ئەدەبی ئینگلیزی بۆ پیاوێکی مەزن و ڕەسەن و ئازا و لە خۆ بووردوو بەکار دەهێنرێت.

پیاوە کوێرەکە دەنگی هەموو ئامێرەکانی یاری کردنی قووماری دەناسی. نازانم چەند کاتی بردبوو تاوەکوو دەنگی هەموو ئامێرەکانی ناسی بوو. بەڵام بەدڵنیاییەوە کاتێکی باشی بردووە چوونکە ئەو هەر کاتەی لە یەکێك لە مەیخانەکان کاری دەکرد. لە دوو شار کاری کردبوو هەرچەندە کاری یەکەمجاری لە سالۆنی " The Flats " باش بوو و ڕێگا تاوەکوو شاری " Jessup" تاریك بوو.

لەلایەکی ڕێگاکە وەستا و گوێ ی لە دەنگی ئوتۆمۆبیلێك بوو هات و بەلایتەکان شۆفێرەکە کوێرە دە بینی و هەڵی بگرێ و بیگەیەنێتە شوێنی مەبەست. ئەگەر نا ، ئەوا ناچار دەبێ یە پێ ملی ڕێگا بە ستەڵەکە بگرێتەبەر. هەڵگرتنی پەیوەستە بە بوونی شوێن لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە و چەند ئافرەتی هەڵگرتوە چونکە پیاوە کوێرەکە هەستی بۆن کردنی بە تایبەت لە زستان دا بە هێزە.

بە دڵنیاییەوە هەموو کەسێك بۆی دەوەستێت و هەڵیدەگرێت چونکە پیاوێکی کوێرە. هەموویان دەیناسن و ناویان نابوو "کوێرە" لەناوچەکەدا ئەم ناوە ناوێکی باش بوو بۆی و ئەو سالۆنەی کاری بازرگانی تێدادەکرد ناوی " The Pilot " بوو. لە نزیکیەوە سالۆنێکی تری لێبوو شوێنی خواردن وخواردنەوە و قوومار کردنی هەبوو ناوی " The Index " بوو. ناوی سالۆنەکان لە ناوی چیاکانی ناوچەکە وەرگیرابوو. سالۆنەکان باش بوون و مەیخانەکانیان

شارستانیەتی کۆنیان پێوە دیار بوو. خواردنی سالۆنی " The Pilot" لەوی تر باشترە و جیاوازی گۆشتەکەی " The Index " بە هەست تێرە.

سالۆنی " The Index " بە درێژایی شەو کراوەیەوسەرلەبەیانیان کار دەکات و لە خۆر هەلاتەوە تاوەکوو کاتژمێر 10 ی سەر لە بەیانی خواردنەوە پێشکەش دەکات. ئەم دوو سالۆنە تەنها سالۆن بوون لە شاری " Jessup " و نەدەبوو ئەم جۆرەکارانەیان تێدا بکرێ بەلام دەیانکرد چوونکە ئەمە ڕەوشتی کۆمەلایەتی ناوچەکەیە.

کوێرە ئارەزووی کارکردنی لە سالۆنی " The Pilot " دەکرد چونکە ئامێرەکانی یاری کردنی لەلای دیواری دەستی چەپ بوون بەرامبەر بارەکە. ئەمەش بۆکوێرە باش بوو وکۆنترۆڵی لەسەر هەبوون باشتر لە وانەی کە لە سالۆنی " The Index " هەن و پەرت و بلاو بوون و هۆلەکە فراوانتر بوو و گەلێ ژووری هەبوو. ئەو شەوە بەڕاستی لە دەرەوە سارد بوو و کوێرە هاتە ژوورەوە و چلووڕە بە سمێڵیدا شۆڕ بوو بوەوە و چلووڕەی بچوکیش لەسەر برژانگی بەدەرکەوتبوون و ئەمەش باش نەبوو، بۆنکردنیشی نەمابوو بەلام دوای ئەوەی دەرگای سالۆنەکەی داخست هەستی کرد. بۆمن ستەم بوو سەیری بکەم بەلام سەیرم کرد چونکە کوێرە بەردەوام بە پێ دەڕۆیشت و من هەرگیز نەم بینیبوو ئاوا سەرما بیبەستێت. لە کۆتاییدا پرسیارم لێکردوو ووتم:

"کوێرە لە کوێوە هاتووی؟"

بە ئۆتۆمۆبیلی ویللی سەویەر هاتم و لە ژێر پردی شەمەندەفەرەکە دای بەزاندم و ئۆتۆمۆبیلی تر نەبوو ، ناچار بووم لە وێوە بە پێ بێم.

" بۆچی وا دوور دای بەزاندی؟" یەکێك پرسی..

ووتی" چوونکە بۆنێکی زۆر ناخۆشم لێ دەهات"

لەم کاتەدا یەکێك ئامێری قوومارەکەی خولاندەوە ، کوێرە گوێی لە دەنگەکەی گرت . هیچی دەست نەکەوت.

کوێرە لێ ی پرسی " کێیە یاری دەکات؟"

" نای بیستیت؟"

"نەخێر"

" کەس نیە. چوارشەممەیە"

" دەزانم چییە. پێم مەڵێ ئەمشەو چییە"

کوێرە ڕۆیشتە خوارەوەو هەموو ئامێری یارییەکانی بەسەر کردەوە بزانێ شتێك لە یەکێك لە پەرداخەکان دا بە هەڵە مابێ ، ئاسایی بوو کە هیچ شتێك بەجێ نەمابێ و ئەمەش یەکەم بەشی ئارەزووەکەی بوو. گەڕایەوە بارەکە بۆلای من و " Al Chaney " داوای لێ کرد بخواتەوە. کوێرە ووتی "نا ، ناخۆمەوە، دەبێ هۆشیار بم لەم ڕێگایانە". یەکێك لەو لاوە ووتی " مەبەستت چییە لە ڕێگایانە؟" . تۆ تەنها بە ڕێگایەك دا دەڕۆی لە نێوان ئێرەو " The Flats ". کوێرە ووتی من بە گەلێ ڕێگادا ڕۆیشتووم و هەموو جارێك ڕێگا دەگۆڕم.

یەکێك لەو لاوە مستەکۆڵەیەکی بە ئامێری یاریییەکەدا دا وەکو جۆرێك لە ناڕەزایی ، مستەکۆڵەکە بە هێز نەبوو. کوێرە لە شوێنی خۆی هەڵبەزییەوە. چارەکی ئامێر بوو. ئەو برادەرە گەنجەی یاری دەکرد چارەگێك (25 سنت) ی دایە. کوێرە هەستی پێ کرد پێش ئەوەی بیخاتە گیرفانی.

ووتی " سوپاس". " تۆ هەرگیز لە یادت ناچێت".

برادەرە گەنجەکە ووتی " خوشحاڵم بە زانینم" و چارەگەکەی بردەوە ناو ئامێرەکە و جارێکی تر ڕای کێشایەوە. جارێکی تر پێیکا و زۆر باش بوو. چارەگێکی خستەوە ناو ئامێرەکە و چارەگێکی تری دا بە کوێرە.

کوێرە ووتی " سوپاس"، " تۆ زۆر باشیت".

برادەرە گەنجەکەی یاری دەکرد ووتی " ئەمشەو شەوی منە".

کوێرە ووتی " شەوی تۆ ، شەوی منە" و برادەرە گەنجەکە بەردەوام بوو لە سەر یاری کردن بەڵام یاریییەکەی باش نەبوو و کوێرە بە ووردیەکی بەرزەوە لە تەنیشتی وەستابوو ، زۆر ترسناك بوو و لەکۆتاییدا برادەرەکە وازی لە یاری کردن هێنا و هاتە لای باڕەکە. کوێرە دەی توانی دوای بکەوێ بەڵام هەستی پێ نەکرد چونکە برادەرەکە هیچی نەگووت، کوێرە دەستی بە ئامێرەکاندا هێناو دانیشت چاوەڕێی یەکێکی تری دەکرد بێت یاری بکات.

کەسی لێ نەبوو یاری بکات و کەسیس یاری قوومارى نەدەکرد، قوومارچییەکان دانیشتبوون سەرزەنشتی یەکتریان دەکرد و یەخەی یەکتریان دادەدڕی. ئێوارەیەکی خامۆش لەم هەفتەیەدا و هیچ جۆش و خرۆشی نەبوو. شوێنەکە پێنج سەنتی نەدەهێنا، جگە لە باڕەکە، زۆر خۆش و جوان بوو تا ئەو کاتەی کوێرە هات. هەموویان بیریان دەکردەوە بڕۆن بۆ " The Index " یان بڕۆن بۆ ماڵەوە.

" تۆم، تۆ چی دەکەی؟" فرانك ، مەی فرۆشەکە پرسیاری لێکرد. " دەڕۆم بۆ ماڵەوە"

" دەم ویست پاڵ بنێم".

" ئەم پێکە بگرە".

فرانك پرسیاری لە برادەرە گەنجەکە کرد، جلی ئاسایی لە بەر بوو ، جلی ئەستووری ئۆریگۆنی" heavy Oregon Cities" لە بەر کردبوو و شەبقەیەکی ڕەشی لە سەر نابوو، ڕیشی جوان تاشیبوو ، دەم و چاوی بەفر سووتاندبووی.

" تۆ چی دەخۆیتەوە؟ برادەرە گەنجەکە هەمان خواردنەوە دەخواتەوە"

ویسکی " Old Forester ".

تەماشام کردو پێکەکەم بۆی بەرز کردەوە و هەردووکمان نۆشمان کرد.

کوێرە لەو سەری ئامێرەکان بوو. وابزانم هەستی کردبوو ئەگەر بێتە لای دەرگاکە ، ئەوا کەس نایەت. خۆشی هەستی پێدەکرد. برادەرە گەنجەکە پرسیاری لێکردم

" ئەم پیاوە چۆن چاوەکانی لە دەست داوە؟"

ووتم " نازانم". فرانك ووتی " لە شەڕدا".

پیاوە نەناسراوەکە ووتی " لەشەڕدا؟؟" سەری پێکابوو.

فڕانك ووتی "بەڵێ".

تۆم ، پێ ی بڵێ " ئەم دەنگە بەرز و گڕەی لە هەمان شەڕدا پەیدابووە". " هەرگیز نەم بیستووە"

فڕانك ووتی " نەخێر، وابزانم تۆ نەت بیستووە". ڕاستە نەم بیستووە. تۆ ، لەوێ نەبویت، بەڕێز، ئەو شەوە شەوێکی سارد بوو وەکوو ئەمشەو. لەوانەیە ساردتر بووبێ. شەڕێکی خێرابوو. سەرەتاکەم نەبینی. لەناو دەرگاکەی " The Index " شەڕەکە قەوما. ناوی " Blackie" یە و ئێستا پێی دەڵێن کوێرەی ، کوڕەکەی تریش " Willie Sawyer " بوو لە یەکتریان دەدا بە شەق و بە ئەژنۆ ، چاوەکانی " Blackie" م بینی لە ئەنجامی لێدان هاتنە دەرەوە . لەسەر سەهۆڵی ڕێگاکە شەڕیان دەکرد. بەفر لەم لاو ئەولای ڕێگا کەڵەکەی کردبوو لایتی ناو دەرگاو سالۆنی " The Index " ڕووناکی کربوەوە . " Hollis Sands " لەپشت ویلی سەویەر وەستابوو ئەوکاتەی چاوی هەڵ دەکۆڵی و هۆڵی ساندس هاواری دەکرد " قەپاڵی لێ دەگرێ ، قەپاڵی لێ دەگرێ" هەر وەکوو بۆڵووی ترێ بێت.

بلاکی بۆکسی بە هێزی لە دەم و چاوی ویلی سەویەر دەداو دەی هەژاند، بۆکس لە دوای بۆکس و کەوتنە سەر سەهۆڵەکە و ویلی سەویەر قەپاڵی لێ دەگرت بۆ ئەوەی بەری بدات و وازی لێبهێنێ و بلاکی هاواڕێکی لێ هەستا هەرگیز نەبیستراوە. زۆر خراپتر لەوەی بەرازێکی نێر سەربڕی.

کوێرە بەرەو ڕوویان هات ، بۆنمان کرد، گەڕایەوە. قەپاڵی لێ دەگرت هەروەکوو هێشووی ترێ بێت، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد و سەری بەرز و نزم دەکرد." ئەمە چاوی چەپیەتی، ئەوی تریشم بینی" سوڕاندمیەوە بەبێ ئەوەی ببینم. "ئەوەش بەشە خراپەکەی بوو، خۆی شێواندبوو".

دەتوانم باشتر شەڕ بکەم ، بەڵام چاوی دەرهێنام، پێش ئەوەی بزانم چی ڕوویدا. بە هەڵکەنەڕێك چاومی دەرکرد.. کوێرە بە بێ ڕق و قینە ئەمەی گووت. " ئەمەش کۆتایی ڕۆژی شەڕەکەم بوو".

بە فڕانکم گووت" پێکێك بدەن بە بلاکی"

ناوی کوێرە ، تۆم ، شایستەی بووم، بینیت ، شایستەم. ئەوە هەر ئەو برادەرەیە کە ئەمشەو بە ڕێگاکەدا پاڵی پێوەنام. برادەر لە چاو بدات ، هەرگیز نابێ بە برادەر.

پیاوە نەناسراوەکە ووتی " تۆ چیت لێکرد؟" . کوێرە ووتی " هەرچی کاتێك بینیت دەی ناسییەوە. وەکو سورپرایز ، وای لێدەکەم بێت بۆ ئێرە". بە نەناسراوەکەم گووت " تۆ ناتەوێ ببینی؟"

کوێرە ووتی" ئەوە یەکێك لە هۆکارەکانە، هەندێ جار دەمەوێ ببینم". دەمەوێ باش سەیری بکەم.

فرانك پێی گووت " دەزانی شێوەی چۆنە، تۆ جارێك چوویت دەستت لەسەر دەم و چاوی دانا. کوێرە زۆر بە دڵخۆشییەوە گووتی ئەمشەو دووبارەی بکەوە. " لە بەر ئەم هۆیە بوو منی لە ئۆتۆمۆبیلەکە فرێ دایە خوارەوە. هیچ هەستێکی خۆشی نییە".

لە شەوێکی سارد دا پێم گووت، خۆت باش بپێچەوە تاوەکو سەرمات نەبێ. تەنانەت هەستی نەکرد کە ئەمە تەنها گاڵتەیە و ویلی سەویەر هەرگیز نابێ بە "پیاوی جیهان".

فڕانك گووتی " بلاکی ، تۆ کەست لە ماڵەوە هەیە". " من ناتوانم بت گەیەنم، چونکە من لە کۆتایی ئەم شەقامە دەژیم". بەڵام تۆ دەتوانی لە پشت ئەم جێگایە بخەوی. فڕانك لەوانەیە ئەمە باش بێت بۆ تۆ.

تکایە چیتر پێم مەڵێ " Blackie " من چیتر بلاکی نیم، ناوم "کوێرە "یە.

"کوێرە، پێکێك هەڵدە". کوێرە ووتی " بەڵێ، گەورەم".

دەستی گەیشتە پەرداخەکە و بۆ هەرسێکمانی بەرز کردەوە. ووتی ئەمە "وێلی سەویەرە" لە وانەیە بە تەنیا لە ماڵەوە بێت.

ئەم وێلّی سەویەرە جارێکی تر هەرگیز نازانێ چۆن خوش گوزەران دەبێت...

[سێ هەم]

سەربازەکانی کۆمار - نووسینی دۆرۆسی پارکەر

The Soldiers of Republic - Dorothy Parker

سەربازەکانی کۆمار (The Soldiers of Republic) یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا نوسەری ئەمەریکی خاتوو دۆرۆسی پارکەر" Dorothy Parker " لە ساڵی 1937 نوسیوویەتی. ئەم نوسەرە شاعیر و چیرۆك نووس ڕەخنەگر و قسەخۆش و نوکتە باز بووە. لە 1893/8/22 لە ویلایەتی نیوجیرسی " New Jersey " لە ئەمەریکا لە دایك بووە و لە1967/6/7 لە تەمەنی 74 ساڵیدا لە ویلایەتی نیویۆرك " New York " مالّئاوایی لە ژیان کردوە.

سەربازەکانی کۆمار کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکییە و باس لە ژیانی شەش سەرباز دەکات لە کاتی شەڕی سیڤیلی ئیسپانیا کە لە ساڵی 1937 ڕوویدا. ئەم شەش سەربازە لە چاڵەکانی بەرەکانی جەنگ لە شاری ڤەلەنسیا لە ئیسپانیا ماوەی 48 کاتژمێر مۆلەت وەردەگرن و دێنە یەکێك لە کافەتیرییەکانی ڤەلەنسیا بۆ پشوودان و جگەرەکێشان و قاوە خواردنەوە.

پاش نیوەڕۆی یەکشەممە بوو لەگەڵ کچە سویدییەکە لە کافەتیریای شاری ڤەلەنسیە دانیشتبووین. شەرابی "ڤێرماوس" مان لە پەرداخە ئەستورەکاندا دەخواردەوە. سەهۆڵی ڕەنگ خۆڵەمێشی بەتامی هەنگوینی گوڵ لە شێوەی شەش پاڵوو لە پەرداخەکاندا بوو. "ساقی"یەکە زۆر شانازی بە سەهۆڵەکەی دەکرد و نەی دەویست پەرداخەکان لە سەر مێزەکە بەجێ بهێڵێ.

بەدوای ئەرکەکەیدا ڕۆیشت. لە هەموو لایەکی ژوورەکە چەپڵەیان لێدەداو هاواریان دەکرد تاوەکو سەرنجی ساقی بۆلای خۆیان ڕابکێشن. ئەویش لەسەرشانیەوە بەلووتی بەرز سەیری دواوەی دەکرد.

دەرەوە تاریك بوو، تاریکی بە خێرایی ناوچەکەی دەپۆشی. لەبەر نەبوونی لایتەکان لەسەر شەقامەکان، تاریکییەکە وەکو تاریکی نیوەشەوی ڕۆژانی ڕابردوو خۆی دەنواند. لەوانەیە لەلات سەیربێ کە هێشتا منالاّن نەخەوتبوون و هەر بە خەبەر بوون. منالاّن لە کافەتریاکە بوون . منالاّن بە بێ پشوو و ووچان لە دەوروپشت بوون.

منداڵێکی بچووك تەنها " شەش مانگان" دەبوو لە سەر مێزەکەی نزیکمان دانرابوو. باوکی جلێکی گەورەی لەبەر کردبوو، شانەکانی شۆڕ کردبووەوە، باش کۆی کردبووەوە و لەسەر ئەژنۆی دانابوو. ئەو پیاوە هیچی نەدەکرد، ژنە لاوازەکەی لەگەڵدابوو. سکی گەورە بوو و جلی بێ ئەدەبانەی پۆشیبوو. دانیشتبوو بە جۆش و خۆشییەوە تەماشای دەورو پشتی دەکرد، قاوەکە لە بەر دەمیان سارد ببوەوە. منداڵەکە وەکوو ڕۆژی یەکشەممە سپی بوو؛ جلەکانی لە قوواماشێکی ناسك دوروابوو، زۆر سپی، سێبەری لەسەر دروست کردبوو. سەری منداڵەکە بە شریتێکی شین ڕازاندرابووەوە ، زۆر باش لوول درابوو و شۆر کرابووەوە.

شریتەکە هیچ سوودی نەبوو؛ قژی ئەوەندە نەبوو پێوەی ببەستڕێتەوە. لوول کردنەکە تەواو بوو، ڕازابووەوە، تێکەڵاوی لەگەڵ پرچەکەی باشبوو.

بەخۆمم گووت " ئای، بۆ خاتری خوا، ئەوە ڕاگرە" .

" زۆر باشە، پارچە شریتێکی سپی بە سەری منداڵەکەوەیە. زۆر باشە، دایکی ڕۆیشت، بەبێ ئەوەی هیچ بخوات، دەشێ جوان بێت کاتێك مۆڵەت وەردەگری و دێیتەوە ماڵەوە. زۆر باشە ، ئەوە ئیشیەتی ؛ هیچ پەیوەندی بە تۆوە نییە. زۆر باشە، هیچ پەیوەندی بە تۆوە نییە تاوەکوو بۆی بگری".

ژووڕە گەورە تاریکەکە قەرەباڵخ بوو بە جۆش و خرۆش بوو. ئەو بەیانییە فرۆکە جەنگییەکان شارەکەیان بۆردومان کردبوو، شارەکە بە ڕۆژ زۆر ترسناك بوو. خەڵکی ناو کافەتیریاکە هیچ دڵ تەنگ نەبوون. هیچ کەس ناچاری لێبووردن نەبوو. قاوە یان پەرداخێك لیمۆیان خواردبووەوە. کاتێکی خۆش ، پاش نیوەڕۆی یەکشەممەیە. دەنگە دەنگێکی(غلّبە غلّب) زۆر، هەموویان لە هەمان کاتدا قسەیان دەکرد و لە هەمان کاتدا گوێیان دەگرت و وەلاّمیان دەدایەوە.

سەربازێکی زۆر لە ژووڕەکە بوون. وا دەردەکەوت جلی بیست جورە سووپایان لەبەر کردبێ بەلاّم لە ڕاستیدا یەك بوون ، بەلاّم شێوازی پۆشینیان جیاواز بوو. ژمارەیەکی کەمیان بریندار بوون، لێرە و لە وێ بە هۆشیارییەوە هەنگاویان دەنا، خۆیان هاویشتبووە سەر گۆچان یان دوو دار خەیزەران. یەکێکیان ، ڕەنگی دەموچاوی وای نیشان دەدا ، کە بەرەو چاك بوونەوەیە.

پیاوگەلێکی زۆری لێبوو، جل و بەرگی شارستانیان لەبەر کردبوو، هەندێکیان سەربازی مۆڵەت پێدراو بوون دەڕۆیشتنە ماڵەوە و هەندێکشیان کارمەندی میری بوون لەگەڵ هەندێ هاوڵاتی تر. هەندێ هاوسەری دڵ خۆشی لێبوو باوەشێنی کاغەزیان بە دەستەوە بوو لە گەڵ هەندێ پیرەژنی وەکوو نەوەکانیان بێدەنگ. گەڵێ کچی جوانی لێبوو ، بەلاّم هەستت نەدەکرد بە بوونی " جۆری ئیسپانی ڕووخۆش" بڵێ ی " ئەم کچە جوانە".

جلی ژنەکان تازە نەبوون ، قوماشەکەیان زۆر سادە بوون نیشانەی گەرەنتیەکانیان پێوە نەمابوو.

به کچه سویدیەکەم گووت" شایانی پێکەنینە" ، "چۆن دەبێ لە شوێنێکی وەکوو ئێرە کەس جل و بەرگی باشی لە بەر نەکردووە" . کچە سویدییەکە گووتی " تکا دەکەم؟".

کەس نەبوو، سەربازی ئاسایی، شەبقە لەسەر بکات . یەکەمجار کە هاتین بۆ ڤەلەنسیا ، لە گەڕەکێك دەژیام ، خەڵکی شەقامەکە پێم پێدەکەنین. هۆکارەکەکەی ئەوە نەبوو کە بە خەتێکی ناخۆش لە سەر دەموو چاوم نوسرابوو " West End Avenue " .

خەڵکی ڤەلانسیا ئەمەریکییەکانیان خۆش دەویست ، خەڵکی باشیان بینیبوو- دکتۆرەکان کارەکانیان بەجێ هێشتبوو و هاتبوون بۆ هاوکاری کردن. پەرستارێکی گەنجی بێدەنگ، پیاوەکانی نێودەوڵەتی. کاتێك بەرەو پێش ڕۆیشتم ، ژن و پیاوەکان زۆر بە خۆشیەوە دەستەکانتیان بە دەم وچاویان و دەم و چاوی منداڵەکاندا دەهێنا، بە دڵپاکیەوە خۆیان دەردەخست ، زۆر دڵخۆش، ئاماژەیان دەکردوو دەگریان " !Ole "، زۆر جوان، شەبقەکەم بۆیان بەرزکردەوە ؛ پێکەنین نەما، شەبقەکان درێژ نەبوون، شەبقەی ئاسایی بوون.

کافەتیریاکە پڕ بووبوو جێگا نەمابوو، مێزەکەم بەجێ هێشت بۆ قسەکردن لەگەڵ یەکێك چووم بۆ ئەوسەری ژوورەکە. کە گەڕامەوە شەش سەرباز لە مێزەکەی من دانیشتبوون. زۆر قەرەباڵخ بوو بە پاڵە پەستۆ گەیشتمەوە لای کورسیەکەم. پێدەچوو زۆر هیلاك بوون، خۆڵاوی بوون ، پەرتەڵە بوون بە شێوەی تازە مردوو. یەکەم شت دەتبینی دەمارەکانی ملیان بوو. هەموویان قسەیان لەگەڵ کچە سویدیەکە دەکرد. ئەم کچە، ئیسپانی، فەرەنسی، ئەڵمانی، زمانەکانی ئیسکەندنافی، ئیتاڵی، ئینگلیزی قسە دەکات. ئەگەر پەشیمانی هەبووایە ، ئەوا لەسەر زمانی هۆڵەندییە ژەنگاوییەکەی بوو کە چیتر قسەی پێنەدەکرد. تەنها دەی خوێندەوە، بە هەمان شێوە زمانی ڕۆمانییەکەی.

بە کچە سویدیەکەیان گووتبوو، ئەویش بە ئێمەی گووت کە ئەوان لە کۆتایی چل و هەشت سەعات مۆڵەتەکەیانن. لە چاڵەکانی بەرەکانی جەنگ هاتوونەتەوە، هەموو پارەکانیان بۆ جگەرە کێشان تەرخان کردووە، چەند شتێك بە هەڵە ڕۆیشت و جگەرەکانیان پێنەگەیشت.

پاکەتێك جگەرەی ئەمەریکیم پێبوو، بە پارەی ئیسپانی هیچ نەبوو- پاکەتەکەم دەرهێنا، بە زەردەخەنە و سەرجوولان و جووڵەی سینگم، ئەم پاکەتە جگەرەیە پێشکەش ئەم شەش پیاوە دەکەم کە بۆ جگەرەکێشان پەرێشان بوون.

کە لە مەبەستم تێگەیشتن ، هەموویان هەڵسان و دەستیان گووشیم.خوشحاڵم بە بەشداری کردنی ئەم پیاوانە لە جگەرەکانم، ئەوانەی بە نیازی گەڕانەوەن بۆ چاڵەکانی بەرەکانی جەنگ. زۆر سووپاسیان کردم. جگەرەکانیان بە پەتێکی زەردی بۆن ناخۆشی بۆن ئاگر داگیرساند، کچە سویدیەکە ئەم قسانەی بۆ وەرگێڕاین، وەکوو داگیرساندنی پڵیتەی بۆمب وابوو. قاوەیان بۆهات و شەکریان تێکرد و دەستیان کرد بەقسەکردن

لەڕێگای کچە سویدیەکەوە قسەیان لەگەڵمان دەکرد. بەشێوەیەك قسەیان لە گەڵمان دەکرد وەکوو بڵێ ی هیچ زانیارییەکمان نەبێت. تەماشای دەموو چاومانیان دەکرد و زۆر لە سەرە خۆ قسەیان دەکرد، پیتەکانیان زۆر بە

ڕوونی دەگووت و لێوکانیان دەجوولاند. کە کاتی باسکردنی چیرۆکەکانیان هات، زۆر بە جۆشەوە بەسەرمانیاندا باراند، زۆر مەبەستیان بوو لێیان تێبگەین. سوور بوون کە لێیان تێبگەین ، شەرمەزاریيە ئەگەر لێیان تێنەگەین.

کچە سویدیەکە گووتی" هەموویان جووتیار بوون و کورِە جووتیارن، لە ناوچەیەکی زۆر هەژارەوە هاتوون ، هەرگیز ئارەزووی بیرکردنەوە لە ئەم جۆرە هەژاریيە ناکەیت" . گوونەکانیان نزیك ئەو گوونەیە، کە پیاوە پیرەکان و پیاوە نەخۆشەکان و ژنەکان و منداڵەکان بۆی چوو بوون . لە کاتی پشوودا ، فرِۆکە جەنگییەکان هاتبوون و یاریگای گاکانیان بۆردوومان کردبوو، ژمارەی پیرە پیاوەکان و پیاوە نەخۆشەکان و ژنەکان و منداڵەکان لە دووسەد کەس زیاتر دەبوو. ئەم شەش کەسە، ماوەی زیاتر لە ساڵێك لە بەرەکانی جەنگ بوون و زۆربەی کات لە ناو چاڵەکانی پێشەوەی شەردا بوون.

چواریان خێزاندار بوون، یەکێکیان یەك منداڵی هەبوو، دوانیان سێ منداڵیان هەبوو، یەکێکیان پێنج منداڵی هەبوو. لەو کاتەوەی ڕِیشتبوون بۆ بەرەکانی جەنگ ، تاوەکوو ئێستا هیچ هەواڵێکیان لە خێزانەکانیان پێنەگەیشتبوو، هیچ جۆرە پەیوەندییەك نەبوو، دوانیان ، لە پیاوە شەرکەرەکانی ناو چاڵەکانی بەرەکانی جەنگ، فێری نوسین ببوون، بەڵام ئازایەتیان نەبوو نامە بۆ ماڵەوەیان بنووسن. ئەوان ئەندامی یەکیەتی پیاوان بوون، ئەگەر ئاشکرا ببوبانایا، لە سێدارە دەدران.

دووزمن گوونەکەیانی داگیر کردبوو، خێزانەکانیان لە ژێر دەسەلاتی دووزمن دابوون، ئەگەر خێزانت نامەی پێبگات و ئاشکرا ببێت، یەکیەتی پیاوان گوللە بارانی دەکات. بۆیان باس کردین کە چۆن ماوەی ساڵێکە ، هیچیان لە بارەی خێزانەکانیان نە بیستووە. بە ئەدەبەوە یان بە گرژییەوە یان بە شانازییەوە بۆیان باس نەدەکردین، بەڵکو چۆن بۆیان بگونجابایە ، ئاوا باسیان دەکرد.

ئێوە ماوەی ساڵێکە لە ناو چاڵەکانی بەرەکانی جەنگن، دەجەنگن. هیچتان لە بارەی ژنەکانتان و منداڵەکانتان نە بیستووە، ئەوانیش هیچ لە بارەی ئێوەوە نازانن، مردوون، زیندوون یان کوێر بوون. ئێوەش نازانن ئەوان چیان بەسەر هاتووە. پێویستە قسە لەگەڵ کەسێك بکەیت، ئاوا پێیان دەگووتین.

یەکێکیان شەش مانگ لەمەوپێش، لە ڕِێگای ژن براکەی لە فەرەنسا، دەنگ و باسی خێزانەکەی و سێ منداڵەکەی پێگەیشتبوو – گووتی ، چاویان زۆر جوانە. پێ ی گووتبوو، هەموویان ماوونن ڕۆژانە قووتوویەك فاسۆلیا وەردەگرن. خێزانەکەی گازاندەی لە خواردنەکە نەدەکرد. تاکە کێشەی خێزانەکەی ئەوەبوو داوی نەبوو جلی منداڵەکانی پێبدوورێتەوە ، ئەمەش بۆی ببوو بە کێشە.

بەردەوام دەی گووت " ژنەکەم داوی نییە"،" خێزانەکەم ، داوی نیە، بیدوورێتەوە، داوی نیە".

لەوێ دانیشتین گوێمان لە کچە سویدیەکە دەگرت، قسەکانی بۆ وەردەگێڕاین. لەناکاو یەکێکیان تەماشای کاتژمێرەکەی کرد، بە جۆش ، وەکوو پیاو هەستانە سەر پێ، بانگی ساقییەکەیان دەکرد، لەگەڵیدا خێرا قسەیان دەکرد، هەموویان، دەستمانیان گووشی. زۆر بە پەرۆشەوە پێمان گووتن کە ئەم جگەرانەی ماوون بیانبەن لەگەڵ خۆیان – چواردە جگەرە بۆ شەش سەرباز، ببەن بۆ جەنگ. جارێکی تر دەستیان گووشین. هەمووان گووتمان "

Salud! "، شەش لەوان و سێ لە ئێمە، هەر شەشیان ڕایان کردە دەرەوەی کافەتیریاکە، ماندوو بوون، خۆڵاوی بوون، پەرتەڵە بوون، وەکوو گەلێکی مەزن، بچووك بنوێنێ.

دوای ڕۆیشتنیان ، تەنها کچە سویدیەکە قەسەی دەکرد. کچە سویدیەکە لە سەرەتای شەرەوە لە ئیسپانیا بوو. پەرستاری پیاوەکان ، کە بە پارچەی گوللە تۆپ بریندار بوو بوون کردبوو. گواستەرەوەی بردبوو بۆ بەرەکانی جەنگ، زۆر قورس، دەگەڕایەوە نەخۆشخانە. زۆریانی بینیبوو، زۆری بیستبوو کە چەندینیان لێدرابوون و پێدەنگ بوو بوون، تێپەڕیبوون.

ئێستا ، کاتی ڕۆیشتن هاتووە، کچە سویدیەکە هەردوو دەستی بەرز کردەوە سەر سەری، دوو چەپڵەی لێدا بۆ بانگکردنی ساقییەکە. ساقییەکە ، سەرو دەستی جولاند، دوور کەوتەوە.

سەربازەکان ، پارەی خواردنەوەکانمانیان دابوو...

[چوارەم]

بەکارهێنانی هێز - نووسینی ویلیام کارلۆس ویلیامس

The Use of Force - William Carlos Williams

بەکار هێنانی هێز (The Use of Force) یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا نووسەری ئەمەریکی ویلیام کارلۆس ویلیامس" William Carlos Williams " لە ساڵی 1938 نوسیوویەتی و بۆ یەکەمجار بلاوی کردۆتەوە. ئەم نوسەرە لە 1883/9/17 لە ویلایەتی نیوجرسی ئەمەریکا لە دایك بووە و لە 1963/3/4 لە نیوجرسی ئەمەریکا لە تەمەنی 70 ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کردوە.

بەکارهێنانی هێز کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکییە و باس لە هەڵسوکەوتی کچێکی منداڵ دەکات کە تووشی نەخۆشی کۆکە ڕەشە بووە . ئەم کچە نەخۆشیەکەی لە کەس وکاری دەشارێتەوە و ڕێگا نادات پزیشك پشکنینی بۆ بکات . لەلای من نەخۆشی تازە بوون، تەنها ناوەکەم دەزانی، ئۆڵسن (Olson). تکایە بە پەلە وەرە خوارەوە، کچەکەم زۆر نەخۆشە.

کە گەیشتم، دایکیم بینی. ژنێکی گەورەی ترسناك، زۆر خاوێن و شەرمن. بەئاستەم ووتی، ئەوە دکتۆرە؟ ڕێگام بدەن بێمە ژوورەوە.

لە پشتەوە ووتی، لێمان ببوورە ، دکتۆر، کچەکەم لە ناندنە، ئێرە گەرمە، هەندێ جاریش تەڕو ناخۆش گووزەرانە. کچەکە جل و بەرگی باشی لەبەر کردبوو ، لە نزیك مێزی ناندن ، لە باوەشی باوکیدا دانیشتبوو .باوکی هەوڵی دا هەڵبستێ ، بەڵام پێم گووت هەڵ مەستە، قاپووتەکەم داکەند و تەماشای دەوروو پشتم کرد. هەستم کرد کە شەپرزەن، لەسەرەوە تاوەکوو خوارەوە بە بێ باوەڕی سەیریان دەکردم. لەم ساتەدا هەموو شتێکم پێ نالێن ، پێم گووتن، بۆ ئەم مەبەستەیە ئێوە سێ دولارم دەدەنێ.

کەمێکی مابوو کچەکە بم خوات، چاوەکانی سارد و کش و مات، لە دەم و چاوی دا هیچ جۆرە هەستێك نەمابوو. لە جێ ی خۆی نەجوولاْ، وا پێدەچوو لە ناخیدا ، ئارام و سەرنج ڕاکێش وە لە ڕواڵەت دا گۆلك بێت.
دەم و چاوی سوور هەلگەڕابوو، زۆر بە خێرایی هەناسەی دەدا، زانیم کە تاییەکی بەرزی لێیە. قژێکی بلۆندی زیاد لە پێویست هەیە، وەك یەکێك لە وێنەی منداڵان لە بەشی وێنەی ڕۆژنامەکانی ڕۆژانی یەکشەممە.
باوکی گووتی، سێ ڕۆژە تای هەیە و نازانین لە کوێوە بۆی هاتووە.
هاوسەرەکەم هەروەکوو خەڵکانی تر، هەندێ شتی داوەتێ، بەڵاْم بێسوود بوو. گەڵێ نەخۆش لە دەورو پشتمان هەیە. ئەگەر بەڕێزتان سەیری بکەن و پێمات بڵێ ی چییەتی. هەروەکوو پزیشکان ، خاڵی دەست پێکردن، ئایا هیچ جار تووشی هەو کردنی قووڕگ بووە؟
باوك و دایکی بەیەکەوە وەڵاْمیان دامەوە، نەخێر....نەخێر، دەڵێ قووڕگی ئازاری نادات.
دایکی لێ ی پرسی ، قووڕگت دێشێ؟ بەڵاْم دەربڕینی کچەکە نەگۆڕا، چاوەکانی بەڕووم دا هەڵ نەگرت.
سەیرت کرد؟
دایکی ووتی ، هەوڵم دا ، بەڵاْم هیچم نەبینی. هەروەکوو دیارە ژمارەیەك کەیسی کۆکە ڕەشەمان هەبوو لە هەمان قوتابخانە کەمانگی ڕابردوو ئەم کچە دەوامی لێ کردبوو، ئێمە زۆر بە پەرۆشەوە بیرمان لە کۆکە ڕەشە دەکردوە، هەرچەندە تاوەکوو ئێستا کەس باسی لێوە نەکردووە.
گووتم، پێویستە یەکەم جار تەماشای قووڕگی بکەین. بە زەردەخەنەیەکی جوان و نەرم پرسیاری ناوی کچەکەم کرد و گووتم، ماسیڵدا (Mathilda) وەرە پێشەوە ، دەمت بکەوە با تەماشای قووڕگت بکەین. هیچی نەکرد.
ئێ، وەرە، دەمت فراوان بکەوە با تەماشای بکەم. هەردوو دەستەکانم والاْ کرد و گووتم، هیچم پێ نیە، ڕێگام بدە با تەماشای بکەم.
ئەم پیاوە لە گەڵ دایکت باشە، بزانە چەند لەگەڵتا باشە. گووتی ، وەرە، پزیشکەکە چی دەڵێ بە قسەی بکە.
ئازارت نادات. ددانەکانم بە ناڕەزاییەوە چڕ کرد. ئەگەر ووشەی " ئازار" یان بەکار نەهێنابا، لەوانەبوو شتێکم بکردبایە. بەڵاْم هیچ پەلەم نەکرد و خۆم نەشێواند، بەڵکوو بە هێمنی قسەم دەکرد و وردە وردە لە کچەکە نزیك دەبوومەوە. کاتێك کە کورسیەکەم تۆزێکی تر نزیك کردەوە، لەناکاو، وەکوو جوڵەی پشیلەیەك بە خێرایی پەنجەکانی بۆ چاووم هێنا. لە {استیدا یەك مشتەکۆلەی لە دەم و چاووم دا، چاویلکەکەم فڕی، هەرچەندە نەشکا، کەوتە سەر زەوی ناندنەکە.
هەردوو دایکی و باوکی بە شەرمەزاری و لێبووردنەوە چوونە لایەك . دایکی گووتی، تۆ کچێکی خراپی، بەدەستێکی گرتی و ڕای وەشاند. سەیرکە، چیتکرد لەم پیاوە باشە.....
بۆخاتری خوا، پێ ی مەڵێ من پیاوی باشم. من لێرەم بۆ ئەوی تەماشای قووڕگی بکەم، لەوانەیە تووشی نەخۆشی کۆکە ڕەشە بووبێ و بمرێ. ئەم قسانە هیچ کاریگەری لەسەر کچەکە نەبوو.
بە کچەکەم گووت، سەیری ئێرەبکە، تەماشای قووڕگت دەکەین. تۆ ئەوەندە گەورە بووییت تێ بگەیت من چی دەڵێم. خۆت دەمت دەکەیتەوە یان ئێمە دەمت بکەینەوە؟

هیچ نەجولاێ ، دەربڕینەکەشی نەکۆڕا. سات لە دوای سات هەناسەی خێراتر دەبوو. شەڕەکەمان دەستی پێکرد. پێویست بوو بیکەم. بۆ پاراستنی خۆی ، دەبوو تەماشای قووڕگی بکەم. یەکەم جار بە دایکی و باوکیم گووت ، ئەمە پەیوەستە بە ئەوانەوە.

پێم گووتن کە کەیسەکە ترسناکە و بە زۆریش بێت پشکنینی قووڕگی دەکەم، ئێوە پێویستە بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن. دایکی بە سەرزەنشتیەکی تووند گووتی، ئەگەر بە قسەی پزیشکەکە نەکەی، ئەوا ناچاردەبی بچیت بۆ نەخۆشخانە.

بەزەردەخەنەیەکەوە گووتم، ڕاستە وایە. زۆر حەزم لە دڕندایەتی و بێ شەرمی ئەم کچە کردبوو. دایکی و باوکی لە لام بچووك و لاواز دیار بوون. لە سەرەتای شەڕەکە و هەوڵەکانمەوە، هەردووکیان وردە وردە خراپتر دەبوون، بێ ئوومێد و بێ هێز دەبوون. بەڵام کچەکە ، بە دڵنیاییەوە ، بێ باکی و تووڕەییەکەی ، منی ترساندبوو.

باوکەکەی زۆر هەوڵی دا. پیاوێکی مەزن، بەڵام کچیەتی، چی بکات، شەرمی لەڕەوشتی کچەکەی دەکرد ، ترسی ئازاردانی کچەکەی، وای لێکردبوو، لە دۆخێکی ناخوش دابێت. چەند جارێك خەریك بوو سەرکەوتوو بم، لەوانە بوو بیکوژم.

ترسی تووش بوونی کچەکە، بە نەخۆشی کۆکە ڕەشە وای لە باوکی کرد، داوام لێ بکات بەردەوام بم لە کارەکەم. بەردەوام بە، هەرچەندە خۆشی خەریك بوو لە هۆش خۆی بچێت، لەم کاتەدا، دایکی دەهات و دەچوو، دەستی بەرز و نزم دەکرد و ئێشی پێشبینی ڕووداوێکی نەخوازراوی لە دڵدا بوو.

لە باوەشتدا دای بنێ و هەردوو دەستی بگرە. کە لە باوەشی دانا ، منداڵەکە دەستی کرد بە قیژاندن. وامەکە، ئازارم دەدەی. دەستەکانم بەردە. پێت دەڵێم دەستەکانم بەردە. بەشێوەی هیستری و ترسناك هاواری دەکرد. بەرم دە، بەرم دە، تۆ دەم کووژی!

دایکی گووتی، دکتۆر، تۆ پێت وایە کچەکەم دەتوانێ. هاوسەرەکەی پێ ی گووت، بڕۆ دەرەوە، تۆ دەتەوێ کچەکەمان بە نەخۆشی کۆکە ڕەشە بمرێ؟

گووتم ، وەرە، بیگرە.

بەدەستی چەپم سەری کچەکەم گرت و هەوڵم دا زمانە تەختەکە بخەمەوە نێوان ددانەکانی. بەرگری کرد، ددانەکانی لەسەر یەك دانا و زۆر بە تووندی و بە ناچاری! لەم کاتەدا منیش لە منداڵەکە تووڕە بووم بووم. هەوڵم دا خۆم کۆنترۆڵ بکەم ، بەڵام نەمتوانی.

دەزانم چۆن قووڕگی بۆ پشکنین بکەمەوە. باش هەوڵم دا. لە دواییدا زمانە تەختەکەم بردە دواوەی ددانەکانی بۆ ناو بۆشایی دەمی. بۆ ساتێك دەمی کردەوە، بەڵام پێش ئەوەی هیچ بکەم دەمی داخستەوە و گازی لە زمانە تەختەکە گرت و بە کەڵپە ددانەکانی هاڕی و شکاندی پێش ئەوەی بتوانم دەری بهێنمەوە.

تۆ شەرم ناکەیت، بەرامبەر دکتۆر، ئاوا دەکەی؟

به دایکیم گووت، کەوچکێکی لووسم بۆ بهێنە، هەر جۆرێك بێ. پێویستە نۆڕینی بۆ بکەین. دەمی منداڵەکە خوێنی لێ دەهات. زمانی بڕیندار بوو بوو و زۆر بە هیستریاییەوە هاواری دەکرد. لە وانە بوو واز بهێنم ، دوای کاتژمێرێك یان زیاتر ، جارێکی تر بێمەوە. بێگوومان باشتر بوو.

بەڵام من دوو منداڵم دیتبوو مردبوون لە ئەنجامی ئەم جۆرە پشت گوێ خستنە. هەستم کرد یان دەبێ ئێستا نۆڕینەکە ئەنجام بدەم یان هەرگیز نەیکەم. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کە من زۆر بە دوای هۆکارەکاندا ڕۆیشتبووم. لە کاتی تووڕەییم دەمتوانی منداڵەکە پارچە پارچە بکەم و چێژی لێ ببینم. چێژ بوو هێرش بکەمە سەری ، دەموو چاووم لە گەڵیدا دەسووتا.

کچەماڵ وێرانەکە، خۆی باش بە شێواوی پاراستبوو. دەتوانم بڵێم ئەوانی تریش دژی پاراستراو بوون. ئەمەش پێویستیەکی کۆمەڵاێتییە. ئەمانەش هەمووی ڕاستە. بەڵام تووڕەییەکی کوێرانە. هەست کردن بە شەرمەزارییەکی گەورە. پەروەردەیەکی دیرێژ و بەڕەڵاکردنی ماسوولکەکان.

پێویستە کارەکە ئەنجام بدەین تاوەکوو کۆتایی. بە ئەشکەنجەیەکی بێ هۆ ، مل و شەوێلکەی منداڵەکەم گرت. پاڵم بە کەوچکە سیلقەرەکەدا نا بۆ پشت ددانەکانی و شۆڕم کردەوە ناو قووڕگی تاوەکوو ڕشایەوە. ئەوەتا — هەردوو لەوزەی بە پەردە داپۆشرابوو. بەرگریەکی ئازایانەی دەکرد بۆ ئەوەی نەم هێڵێ نهێنیەکەی بزانم. سێ ڕۆژ بوو هەوی قووڕگی شاردببوەوە. پشتی بە دایك وباوکی دەبەست بۆ خۆ دزینەوە لە م دۆخە.

ئێستا بە ڕاستی کچەکە تووڕەبوو. لە پێش ئێستا بەرگری کردبوو، بەڵام ئێستا هێرشی کرایە سەر. هەوڵی دا لە باوەشی باوکی دەربچێ و بازداتە سەرمن . فرمێسکی دۆڕاندن چاوەکانی کوێر کردبوو.

[پێنجەم]

کاتی بێ ئومێد بوون - ئیلوین بروووکس وایت
The hour of Letdown - Elwyn Brooks White

کاتی بێ ئومێد بوون (The Hour of Letdown) یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا نووسەری ئەمەریکی ئیلوین بروووکس وایت" Elwyn Brooks White " لە ساڵی 1951 نوسیوویەتی و بۆ یەکەمجار بلاوی کردۆتەوە. ئەم نوسەرە لە 1899/7/11 لە ویلایەتی نیویۆرك، ئەمەریکا لە دایك بووە و لە 1985/10/1 لە نیویۆرك، ئەمەریکا لە تەمەنی 86 ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کردوە. ئەم نووسەرە ماوەی زیاتر لە 50 ساڵ کاری نوسین و هونەری لە گۆڤاری نیویۆرکەری ئەمەریکی دا کردووە.

کاتی بێ ئومێد بوون کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکییە و باس لە پیاوێك دەکا، دچێتە ناو بارێك بۆ خواردنەوە، ئامێرێکی قسەکەری پێ یە، دەڵێت ئامێرە قسەکەرەکەی ، لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابووردوو دا پێنج هەزار دۆلاری لە یاری شەترنج بردۆتەوە.

ژووریکی فراوانی بەکار نەهاتوو، هەستت دەکرد کە " ساقی" یەکە بەدڵی نەبوو ، ئەم ئامێرە ناشیرینە لەوێ دابنێ . پیاوەکە گووتی، " دوو پێك ویسکی ڕای(rye) لە گەڵ دوو پەرداخ ئاو." ساقی هەردوو قاچی تێك ئالاڵ، چوونکە بە شێوەی کلاسیکی کاری دەکرد، بەڵام لە مێشکی دا داواکارییەکەی هەڵ دەسەنگاند.

دوای ماوەیەك، پرسیاری کرد " ویسکی دەبڵ"ت دەوێ؟ پیاوەکە گووتی " نەخێر، تکایە دوو پێك و دوو ئاو" ڕاستەوخۆ سەیری "ساقی" یەکەی کرد، نەك وەك نادۆستێك، بەڵکو وەك نادۆستێکی تەواو.

سالانێکی زۆر خواردن پێشکەش کردن بۆ جۆرەها خەڵك کە دەهاتن بۆ سالۆنەکە، شارەزاییەکی تەواوی دابوو بە ساقی و کۆنترۆڵی مێشکی دەکرد.

بەهەرحاڵ، بە دڵنیاییەوە، ساقی هیچ ئارەزووی نەبوو خزمەت بەم پیاوە و ئامێرەکەی بکات. جگەرەیەکی داگیرساوی لە ڕۆخی ئامێری پارە تۆمارکردنەکە هەڵگرت و قوومێکی لێداو بە بیرکردنێکەوە لە شوێنەکەی داینایەوە. دووپێك ویسکی ڕای لە گەڵ دوو پەرداخ ئاوی تێکردوو پاڵی پێوەنا بۆ بەردەم پیاوەکە.

خەڵك تەماشایان دەکرد. ئەگەر هەر شتێکی ناسروشتی بچووك ڕووبدات، بەخێرایی بە هێڵی بارەکەدا بلاو دەبێتەوە، خەڵکەکە کۆ دەکاتەوە. پیاوەکە وا خۆی نیشان نەدا کە ئەو ئامانجی خەڵکەکەیە. پێنج دۆلاری لەسەر بارەکە دانا. پێکێکی ویسکیەکەی نۆش کردو ئاوەکەشی بە دوادا خواردەوە. کوونی ئامێرەکەی کردەوە و پێکە ویسکیەکەی ترو ئاوەکەی تێکرد.

ساقی بە تووڕەییەوە، تەماشای کرد، بە دەنگێکی ئەستوور گووتی" سەیر نییە". " هاوەڵەکەت، شوێنی زۆر داگیر کردووە، بۆچی لەسەر ئەو تەختەیەی نزیك دەرگاکە دای نانێ ی و لێرەش جێگا فراوانتر دەبێت؟"

پیاوەکە گووتی" لێرە شوێن زۆرە، جێگای هەمووان دەبێتەوە."

ساقی گووتی " من پێناکەنم"." دەڵێم، ئەم شتە نەفرەت لێکراوە لە نزیك دەرگاکە دابنێ، کەس دەستی لێ نادا". پیاوەکە بە زەردەخەنەوە گووتی" ئەگەر ئەم دوا نیوەڕۆیە بت دیتبا" .

" زۆر نایاب بوو. ئەمڕۆ سێیەم ڕۆژی ڕکابەرییەکە بوو. بیری لێبکەوە، سێ ڕۆژ کاری بەردەوامی – مێشك! بەرامبەر یاریکەرە بالاکانی وولاّت. لە سەرەتای یارییەکە، دەست پێش خەر بوو، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە ژیریانە، وەبەر هێنەر بوو، بەرامبەرە گەورەکەی ڕاو نابووە سووچێکی یارییەکە. کەرەنتی لە ناکاوی سوارەکە و یەکسان بوونی ئەسپی شەترنج، یارییەکەمان بردەوە. هەمووان ووتیان ، دەزانی لەم سێ ڕۆژە چەند پارەی بردۆتەوە؟" ساقی پرسیاری کرد" چەندی بردۆتەوە؟".

پیاوەکە گووتی" پێنج هەزار دۆلار"." ئێستا دەیەوێ بێ ئوومێد بێت، دەیەوێ سەری گەرم بکات". ساقی خاولیەکەی بەسەر هەندێ پەڵەی تەڕی مێزەکەدا هێنا. ساقی بە تووندی گووتی" بیبە بۆ شوێنێکی تر، با لەوێ سەری گەرم بکات"." من کێشەم زۆرە".

پیاوەکە بە زەردەخەنەیەکەوە، سەری جولاّند." نەخێر، ئێرەمان پێ خۆشە" ئاماژەی بە پەرداخە بەتاڵەکە کرد. " تکایە؟ جارێکی تر ، پڕیان بەکەوە". ساقی لەسەرەخۆ سەری جوولاّند. بە گێژی و سەر پێچییەوە ، ساقی فەرمانی کرد، " ئەم شتە بشارەوە، لێرە لای ببە". " من ویسکی بۆ نوکتە بازان تێناکەم".

ئامێرەکە گووتی" نوکتە بازان" ،" ووشەکە، نوکتە – بازان". هەندێك لە دوور بارەکە، پیاوێك بە خێرایی سێ پێکی خواردبووەوە، ئامادەبوو، بەشداری ئەم گفتوو گۆیە بکات، کە هەموومان گوێ بیستی بووین. پیاوەکە تەمەن مامناوەند بوو. بەپەرۆشەوە قەرەوێتەکەی بەملی دا شۆڕ کردبووەوە. ئالّقەی قەرەوێتەکەی کردبووەوە. تازە پێکی سێ هەمی تەواو کردبوو، دیار بوو ئەلکهوولەکە تینوایەتیەکەی شکاندبوو. پیاوەکە بە " ساقی"یەکەی گووت" ئەگەر، ئامێرەکەم، پێکێکی تری دەوێ، بیدەرێ". " با بەرامبەر یەك نەوەستین".

پیاوی خاوەن ئامێرەکە ڕووی کردە برادەرە تازەکەی و ئازایانە دەستی بەرزکردەوە بۆ برادەرایەتی کردنی، بەبەرچاووگرتن و سووپاس کردنی هاوڕێیەتییەکەی. قسەکانی ئاراستەی ئەو کرد و بە ئەنقەست سەرزەنشتی ساقی یەکەی کرد. " تۆ دەزانی ، بە بیرکاری پێ دەکەی، دەزانی چۆن خواردنەوەت دەوێ". هاوڕێ کەی وەلاّمی دایەوە" بە دڵنیاییەوە، دەزانم". " سروشت ترین شتە لە جیهان."

چالاکی و غلّبە غلّبێکی زۆر لە ناو بارەکە هەبوو، هەندێکیان لایەنی ساقی یەکەیان گرتبوو و هەندێکیشیان لایەنگری کۆمەڵی ئامێرەکە بوون. لە نزیکمەوە ، پیاوێکی درێژی دڵ تەنگ، دەستی بە قسەکردن کرد. گووتی" بیلّ، ویسکیەکی ترم بدەری." و " شەربەتی لیمۆی تێکەڵ بکە." ئامێرەکە بە دڵ تەنگیەوە گووتی" ترشەڵۆکی پیکریك".

" لەم شوێنانە شەربەتی لیمۆ بەکار ناهێنن" ، ساقی گووتی" ئەوەیە" یەك مستی لە مێزی بارەکەدا " ئەم شتە لێرە لابە، یان من فڕێ ی دەدەمە دەرەوە. پێت دەڵێم، من لە دۆخێکی باشدا نیم. ئەم سااڵنەم هەیە، دەبێ بیبەم بەڕێوە، قسەی ئەم مێشکە ئامێرە یان هەر ناوێکی تری هەیە یەم ناوێ." پیاوەکە ئەم ئاگادارکردنەوەیەی پشت گوێ خست و قسەکانی بە ڕووی برادەرەکەیدا دەکرد، کە پەرداخەکەی بەتاڵ بوو بوو.

به ئەدەبەوە گووتی" تەنها ئەوە نییە دوای سێ ڕۆژ یاری شەترج هیلاك بوو بێ". " دەزانی، ئایا هۆکارێکی تر‌ە، ئامێرەکە پێکێکی تری دەوێ؟"

برادەرەکە گووتی"نەخێر"."بۆچی؟"

پیاوەکە گووتی" فێڵی کرد"

لەم کاتەدا ئامێرەکە پێکەنی. باڵێکی کەمێك شۆڕ بووەوە ، ڕووناکیەك لە پلاکەکە درەوشایەوە. برادەرەکە گرژ بوو. وەکو ئەوە وابوو کەرامەتی ئازار درابێ، هەرچەندە، باوەڕی بە ئاستێکی تر دابوو. گووتی" لە شەترنج کەس ناتوانێ فێڵ بکات". " زۆر ئەستەمە". "لە شەترنج هەموو شتێك لە سەر تەختەکە دەکرێتەوە. سروشتی باری شەترنج بە شێوەیەکە، فێل کردن ئەستەمە."

پیاوەکە گووتی" منیش، هەروا بیرم دەکردەوە". " بەڵام ، ڕێگایەك هەیە!". " بەهەرحاڵ، بۆمن هیچ سورپرایز نیە"، بە ساقییەکەی نیشان دا.

" یەکەم جار ئەم شتەم بینی، زانیم فێڵ بازە"." پیاوەکە گووتی" دوو پێك رای و ئاو". ساقی گووتی" ویسکیت نادەمێ"، " سەیری مێشکە ئامێرەکەی کرد." چۆن بزانم کە سەری گەرم نەبووە؟"

پیاوەکە گووتی" ئاسانە، پرسیاری لێبکە". خەڵکەکە جوولان و تەماشای ئاوێنەکەیان کرد. هەمووان تاوەکوو ملمان لەو شتە تێوەگلابووین. چاوەڕێمان کرد. ساقی جوولا.

ساقی گووتی" پرسیاری چی لێ بکەین؟ وەکوو چی؟"

هیچ جیاوازی نییە، دوو ژمارەی گەورە هەڵبژێرە، لێی ببپرسە جارانیان چەند دەکات. ئەگەر سەری گەرم بووبێ، ناتوانێ، دوو ژمارەی گەورە جارانی یەکتری بکات. تۆ دەتوانی؟"

ئامێرەکە کەمێك جوولایەوە، وەکوو ئەوە بوو خۆی ئامادە بکات. ساقی دڕندانە گووتی" دە هەزار و هەشت سەدوو شەست و دوو ، جارانی نەوەت و نۆی بکە". دیار بوو ساقی دوو نۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی لێ ی گران بکات. ئامێرەکە لەرزی، یەکێك لە گلۆپەکانی پڕبوو. بە مووچڕکێکەوە شوێنی دەستەکانی گۆڕی. ئامێرەکە گووتی،

" یەك ملیۆن و حەفتاو پێنج هەزارو سێ سەد و سی و هەشت"". بە درێژایی بارەکە، پەرداخەکانیان بەرز کردەوە. خەڵکەکە بە دڵ تەنگیەوە تەماشای ئاوێنەکەیان کرد. هەندێکامان تەماشای دەموچاوی یەکترمان دەکرد. هەندێکیش، دەنکە "کارم "یان دەگرتە پیاوەکە و ئامێرەکە.

لە کۆتاییدا، لاوێك، بیری زیرەك، قەڵەمێك و پارچە کاغەزێکی دەرهێنا، بەرەو خانەنشینی ڕۆیشت . دوای هەندێ ژمار کردن گووت" تەواوە، کاردەکات"." ناتوانی بڵێ ی ئامێرەکە سەرخۆش بووە". ئینجا هەموویان تەماشای ساقییان کرد. ئەویش بە ڕەخنەگریەوە، دوو پێك رای تێکردوو دوو پەرداخی ئاوی ڕاکێشا. پیاوەکە ویسکیەکەی خواردەوە. پێکەکەی تری دا بە ئامێرەکە. گلۆپی ئامێرەکە لاوازتر بوو. یەکێك لە باڵەکانی شۆڕ بووەوە.

بۆ ماوەیەك سالۆنەکە کش و مات بوو، وەکوو بەلەمێك لە ناو ڕووباردا لە کەش و هەوایەکی خامۆش. واپێدەچوو، هەریەکێك لە ئێمە هەوڵ بدات دۆخەکە هەرس بکات. بەبێ دەنگی هەندێ پەرداخ، بە ئەلکهولی بۆندار پڕکرانەوە. زۆربەمان تەماشای ئاوێنەکەمان کرد – دواین دادگای گازندە. برادەرە قەرەوێتە کراوەکە، بڕیاری خۆی دا . لە

سەرەخۆ ڕۆیشت و لەنێوان پیاوەکە و ئامێرەکە دانیشت. باڵێکی لە پیاوەکە و باڵەکەی تریشی لە ئامێرەکە ئاڵاند. گووتی" با لێرە بڕۆینە دەرەوە و بچین بۆ شوێنێکی باش." ئامێرەکە تۆزێك گەشایەوە. وا پێدەچوو تۆزێ سەری گەرم بوو بێ. پیاوەکە گووتی" زۆرباشە"، " بۆمن کێشە نیە، ئۆتۆمۆبێلەکەم لە دەرەوە وەستاوە."

خواردنەوەکەی تەواو کرد و بەخشیشی دانا. بەبێ دەنگی ئامێرەکەی لوول دا و خستیە ژێر باڵی. لە گەڵ هاوڕێ ی شەوی ، چوونە ناو دەرگاکە و ڕۆیشتنە سەر شەقام. ساقی بەردەوام لێ ی دەڕوانین. ئینجا خزمەت گووزارییەکەی دەست پێکردەوە. بە گاڵتە پێکردنێکی قورس گووتی" ئۆتۆمۆبێلەکەی لە دەرەوە ڕاگرتووە"، " توو خوا ، جوان نییە؟"

میوانەکەی نزیك دەرگاکە، خواردنەوەکەی بەجێ هێشت و چوو بۆ لای پەنجەرەکە، پەردەکانی لادا، تەماشای دەرەوەی کرد. بۆماوەیەك تەماشای کرد و گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی. ڕووی لە ساقی کرد و گووتی" زۆر جوانترە لەوەی کەتۆ بیری لێدەکەیتەوە".

" کادیلاکە، بەڕای تۆن لەو سێ یانە ، کامیان شۆفێری دەکا؟".

[شەشەم]

کچەکان بە جل و بەرگی هاوینەوە – نوسینی ئێروین شۆ

The Girls in Their Summer dresses: Irwin Shaw

کچەکان بە جل و بەرگی هاوینەوە یەکێکە لە پەنجا کورتە چیرۆکە مەزنەکانی ئەمەریکا نووسەری ئەمەریکی ئێروین شۆ لە ساڵی 1938 نوسیوویەتی و بۆ یەکەمجار بلاوی کردۆتەوە. ئەم نوسەرە لە 1913/2/27 لە نیویۆرك لە دایك بووە و لە 1984/5/16 لە شاری دافۆس لە سویسرا لە تەمەنی 71 ساڵیدا بە نەخۆشی شێرپەنجەی پڕۆستات ماڵئاوایی لە ژیان کردوە.

کچەکان بە جل و بەرگی هاوینەوە کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکییە و باس لە ژیانی ژن و مێردێکی ئەمەریکی دەکات. لەماوەی هاوسەریان دا پیاوەکە چاو لە دەر بووە و ژنەکەش ئاگادار بووە و بە سەر خۆی نەهێناوە . لە ڕۆژێکی پشووی یەك شەممە دا هەردووکیان ئەوەی لە دڵیان دایە هەڵی دەڕێژن و بڕیاری جیابوونەوە دەدەن و پیاوەکە لە دوا سات دا لە جوانی ژنەکەی بە ئاگا دێتەوە.

کاتێك بریقۆرتیان بەجێ هێشت گەڕەکی پێنجەم خۆرەتاو بوو. هەرچەندە مانگی شوبات بوو بەڵام خۆر گەرم بوو ، هەموو شتێك لە شێوەی سەرلەبەیانیە و یەك شەممە بوو- پاسەکان ، خەڵك بە جل و بەرکی باشەوە لەسەرەخۆ دەڕۆیشتن بە شێوەی کەپڵ(دوانە) و باڵەخانەکان کش و مات بوون و پەنجەرەکان داخرابوون.

مایکل لەم خۆرەتاوە قۆڵی فرانسیسی تووند گرت و بەرەو چوار ڕێیانی واشنتن بە ڕێکەوتن. بەزەردەخەنەوە لە سەرەخۆ دەڕۆیشتن ، چونکە شەوی ڕابوردوو درەنگ خەوتبوون وقاوەڵتیەکی باشیان خواردبوو و یەك شەممە بوو.

مایکل زنجیری قاپووتەکەی کردەوەو بەسەر شانی داداو لەکەڵ شنەباکەدا قاپووتەکەی دەشەکایەوە.
فرانسیس ووتی" وریابە!!" لەو کاتەی لە شەقامی هەشتەم دەپەڕینەوە.
" ملت دەشکێنیت!"
مایکل پێکەنی ، فرانسیس لە گەڵیدا پێکەنی.
فرانسیس ووتی"ئەوکچە ئەوەندە جوان نییە " ،"جوان نییە بەم شێوەیەی ملی خۆتی بۆ بشکێنیت."
مایکل جارێکی تر پێکەنی " چۆن زانیت کە من تەماشای ئەو کچەم دەکرد؟"
فرانسیس سەری سوڕاندە لایەك و بە زەردەخەنەیەك لە ژێر شەبقەکەی سەریەوە تەماشای مێردەکەی کرد و ووتی " مایك ، خۆشەویستەکەم!!"
مایکل ووتی " ئۆکەی ، بەم بوورە."
فرانسیس بەنەرمی قۆڵی مایکلی گرت و ڕای کێشا بە خێرایی بەرەو چوار ڕێیانی واشنتن ڕۆیشتن و ووتی " بەدرێژایی ئەمڕۆ باکەس نەبینین." ، " با ئەمڕۆ هەردوکمان پیاسە بکەین. تەنها من و تۆ.
ئێمە بەردەوام لەگەڵ خەڵکین و ویسکیەکانیان یان ویسکی ئێمە دەخۆنەوە؛ تەنها لە ژووری خەوتن یەکتری دەبینین. دەمەوێ لەگەڵ مێردەکەم بە درێژایی ڕۆژ لە دەرەوە بم. تەنها لەگەڵ من قسەبکەیت و تەنها لەمن گوێ بگری."
مایکل ووتی" چی ئێمەی ڕاگرتووە؟" ، " ستیڤنسن، دەیانەوێ کاتژمێر یەك بێن بۆلامان و لەگەڵیان دا بچین بۆ دەشت."
مایك ووتی " ستیڤنسن ، زۆر زان."، " ئاشکرایە دەتوانن فیکە لێبدەن . دەتوانن خۆیان بڕۆن بۆ دەشت."
" مەوعیدە؟"
" بەڵێ ، مەوعیدە"
فرانسیس خۆی چەماندەوە و لای سەرەوەی گوێ ی ماچ کرد.
مایکل ووتی " خۆشەویستم" ، " ئەمە گەڕەکی پێنجەمە."،" با بەرنامەیەك دابنێم،"
فرانسیس ووتی " بەرنامەیەکی یەك شەممە بۆ دوانەیەکی گەنج، پارە خەرج بکەن."
" لە سەر خۆبە."
فرانسیس پێشنیاری کرد " با یەکەم جار بچین بۆ مووزەخانەی میتڕۆپۆلیتانی هونەری" چونکە لە ماوەی هەفتەدا مایکل دەیویست بچێت بۆ مووزەخانە.
" سێ ساڵە نەچووم بۆ مووزەخانە ، ئێستا بەلایەنی کەم دە وێنەی لێ یە دەمەوێ جارێکی تر بیان بینم. دوای ئەوە سواری پاص دەبین و دەڕۆین بۆ شاری ڕادیۆ، سەیری گەنجان دەکەین کە خلیسکەی سەر سەهۆڵ دەکەن. دەچین بۆ کافانە گۆشتی ستێك دەخۆین گەورە بێت بە گەورەیی پلێتی ئاسنگەر لەگەڵ یەك بوتڵ شەراب. دوایی بۆ فلیمی فەرەنسی کە لە فلیمەرێت نمایش دەکرێ – هەموو کەس باسی لێوە دەکات – بەڵێ، گوێت لێمە؟"

مایکل ووتی " بەڵێ، گوێم لێ تە." چاوی لە کچە قژ ڕەشەکە هەڵ گرت – ستایلی دانسی هیملیتی هەبوو ، بە لایان دا تێپەڕی.

فرانسیس بە نەرمی ووتی" ئەمە بەرنامەی ئەمڕۆمانە." ، " یان دەتەوێ ئەمڕۆ لە گەڕەکی پێنجەم بێین و بڕۆین و پیاسە بکەین"

مایکل ووتی " نەخێر" ، " نا....نا"

فرانسیس ووتی " تۆ ، بەردەوام ، تەماشای ژنان دەکەیت"، " لە هەموو شوێنێك و بۆ هەر جێگایەك بڕۆین"

مایکل ووتی " خۆشەویستم"،" من تەماشای هەموو شتێك دەکەم. خوا چاوی پێ بەخشیووم ، سەیری ژن و پیاو و تونێل وفلیمی سینەما و گوڵە بچووکەکانی کێلگە دەکەم. هەندێ جاریش تەماشای ئاسمان دەکەم و لێ ی وورد دەبمەوە."

فرانسیس ووتی" پێویستە تەماشاکردنی چاوت ببینی" ، " کاتێك لە گەڕەکی پێنجەمەوە، لە ئاسمان وورد دەبیتەوە"

مایکل قۆڵی فرانسیسی بە نەرمی گووشی و ووتی" من پیاوێکی هاوسەرگیری بەختەوەرم." نموونەی سەدەی بیستەم، مایك لوومیس و خاتوو مایك لوومیس. وەستاو ووتی با خواردنەوەیەك بخۆینەوە.

" تازە نانی بەیانیمان خواردووە"

مایك ووتی" خوشەویستم، گوێ بگرە،" ووشەکانی بە وریاییەوە هەڵ دەبژارد"، ڕۆژێکی خۆشە و هەردووکمان دڵخۆشین، هیچ هوکارێك نیە لێمان تێك بدات ، با یەك شەممەیەکی خۆش بە سەر ببەین."

" زۆر باشە، نازانم بۆچی دەستم بەم قسانە کرد. با لەبیر خۆمانی ببەینەوە. با کاتێکی خۆش بەسەر ببەین."

دەستی یەکتریان گرت و بە ڕێ کەوتن بە نێوان پاسەکان و پیاوە بە تەمەنە ئیتالیەکان بە جل و بەرگی یەك شەممەوە و ئافرەتە گەنجەکان بە پۆشاکی سکۆتیسەوە لە پارکی چوار ڕێیانی واشنتن.

دوای کەمێك فرانسیس ووتی " بەلایەنی کەم پێویستە هەموو کەسێك ساڵی جارێك سەردانی موزەخانەی میترۆپۆڵیتانی هونەری بکات."

 بە دەنگێکی بەرزتر لەو دەنگەی لەکاتی نانخواردنی بەیانی بەکاری هێنابوو لە سەرەتای پیاسەکەیان" هەروەها، ڕۆژی یەك شەممە خۆشە. خەڵکێکی زۆر تەماشای وێنەکان دەکەن ، وا هەست دەکەی کە هوونەری شاری نیۆیۆرك هەرگیز دوا ناکەوێ – "

مایك زۆر بە گرنگیەوە ووتی " دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم"، " لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو دا ، تەنانەت جارێکیش، دەستم بە ئافرەت نەکەوتووە."

فرانسیس ووتی " زۆر باشە"

" تۆ باوەڕم پێ دەکەیت، وایە؟"

" زۆر باشە."

بەناو کورسیە تەختەکان و درەختە بچووکەکانی پارکی شاردا تێپەڕ بوون.

فرانسیس ووتی " هەوڵم دا تێبینی نەکەم"، " لە ناخم دا زۆر دڵ تەنگ بووم، کاتێك بە نزیك ئافرەتێك دا تێپەڕ دەبووین ، تۆ سەیرت دەکرد و تەماشاکردنەکەت لە چاوت دا دەبینم. هەمان تەماشاکردن بوو ، بۆ یەکەم جار ، سەیرت کردم. لە مااڵی ئەلیس ماکسوێڵ، لە ژووری میوان لە نزیك ڕادیۆکە وەستابووی لەناو ئەو هەموو خەڵکە، شەبقەیەکی سەوزت لەسە نابوو."

مایکل ووتی " لە بیرمە"

فرانسیس ووتی " هەمان تەماشاکردن" هەستم زۆر خراپ دەکات ، هەستێکی زۆر ناخۆش."

ش..ش " خۆشەویستەکەم" ش..ش

فرانسیس ووتی" ئێستا من ئارەزووی خواردنەوەیەکم" ڕۆیشتن بۆ باڕەکەی شەقامی هەشتەم بە بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەن ، مایکل یارمەتی فرانسیسی داو بەناو بەردەکان دا بڕوات و ڕێگای نیشان دەدا بەناو ئۆتۆمێبێلەکان دا.

لە باڕەکە لە نزیك پەنجەرەکە دانیشتن ، تیشکی خۆر هاتبووە ژوورەوە و لە ناو فایر پلەیسەکە تروسکە ئاگرێکی جوان هە بوو.

ساقیەکی ژاپۆنی هات و هەندێ کێکی لەسەر مێزەکە دانا و بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری کردن.

مایکل ووتی " دوای نان خواردنی بەیانی ، چی دەخۆیتەوە؟"

فرانسبیس ووتی " وابزانم ، بڕاندی"

مایکل بە ساقی ووت " کۆرفۆسیار"، " دوو کۆرفۆسیار."

ساقی دوو پەرداخی هێنا و لە خۆرەتاو دەستیان کرد بە خواردنەوەی براندی. مایکل نیوەی خواردەوە و هەندی ئاویشی بەدوادا خواردەوە.

مایکل ووتی " تەماشای ئافرەت دەکەم،" ،"ڕاستە. نالێم هەڵەیە یان دروستە. سەیریان دەکەم. ئەگەر بەڵایاندا تێ بپەڕم و تەماشایان نەکەم ، ئەوا خۆم و تۆش گەمژەدەکەم."

فرانسیس بەردەوام یاری بە پەرداخە براندەکەی دەکرد و ووتی" تۆ بە شیوازێك تەماشایان دەکەی، وەکوو بڵێ ئەوانت دەوێ" ، " هەموویانت بوێ"

مایکل " بە شێوەیەك" بە نەرمی قسەی دەکرد و ڕووی لە هاوسەرەکەی نەبوو.، بە شێوەیەك ، ڕاستە، هیچ ناکەم، بەڵاّم ڕاستە.

" دەزانم، بۆیە هەست بە دڵ تەنگی دەکەم."

مایکل بانگی کرد " براندیەکی تر" ساقی " دوو براندی تر."

هەناسەیەکی داو چاوەکانی نووقان دو بە پەنجەکانی خوراندنی.

" ئافرەتانم بەم شێوەیەی دەردەکەون خۆش دەوێ. ئەوەی لە نیۆیۆرك حەزی لێ دەکەم هەزاران ئافرەتە. ئەمەش یەکەم شت بوو هەستم پێ کرد کاتێك بۆ یەکەم جار لە ئۆهایۆ وە هاتم بۆ نیو یۆرك، ملیۆنەها ئافرەتی سەرنج ڕاکێش، لە هەموو شارەکەدا دەخولانەوە، دڵم لە قوڕگم دا بوو."

فرانسیس ووتی " بەڕاستی منداڵیت" ، " ئەمە هەستی منداڵە."

" بی خەملێنە" مایکل ووتی " بی خەملێنە. ئێستا من بە تەمەن ترم.، تەمەنم گەیشتوەتە پەنجاکان ، قەڵەو بووم . ئێستاش کاتژمێر سێ لە گەڕەکی پێنجەم ئارەزووی پیاسەم هەیە لە لای ڕۆژ هەڵاتەوە لە نێوان شەقامی پێنجەم و شەقامی پەنجاو حەوت.

هەموویان لە دەرەوەن ، خەریکی بازاڕ کردنن. فەروی جوانیان لەبەرکردوە و شەبقەی سەر سورهێنەریان لە سەر ناوە. هەموو شتەکانی جیهان لە حەوت بلۆك دا کۆ بۆتەوە- باشترین فەرو، باشترین جل و بەرگ، جوانترین ئافرەت، لە دەرەوەن بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش و پارە خەرج کردن ."

ساقیە ژاپۆنیەکە بە ڕوویەکی زۆر خۆش و زەردەخەنەیەکەوە، دوو پەرداخە براندیەکەی دانا.

ووتی " هەموو شتێك باشە"

مایکل ووتی" هەموو شتێك سەرنج ڕاکێشە."

فرانسیس ووتی " تەنها دوو قاپوتی فەرو" ، " شەبقەی چل و پێنج دۆلاری –"

ووتی " تەنها قاپووتی فەرو نیە، یان شەبقە. بەڵکو دیکۆرە بۆ هەندێ جۆر لە ئافرەت. تێگەیشتی." ، " پێویست ناکات گوێ لە مە بگری."

" دەمەوێ گوێ بگرم."

" حەز لە کچانی ئۆفیسەکان دەکەم . ڕێك و پێکن، چاوێلکەکانیان، ژیرن، ناسکن، هەموو شتێك دەزانن. حەزم لە کچانی شەقامی چل و چوارە لە کاتی نان خواردنی نیوەڕۆدا، ئەکتەرەکان لە هەفتەدا هیچ لەبەر ناکەن، حەزم لە کچانی فرۆشیارەلە کۆگاکان.گرنگیت پێ دەدەن ، چونکە تۆ پیاوی ، ئافرەتان لە چاوەڕوانی دا بەجێ دەهێڵن. ئەمانە هەمووی لە ماوەی دە ساڵی ڕابووردوودا لە مێشکم کۆبۆتەوە، ئێستا تۆ پرسیارم لێوەی دەکەی."

فرانسیس ووتی" بەردەوام بە، قسە بکە"

" کاتێك بیر لە شاری نیویۆرك دەکەمەوە، بیر لە کچەکان، نمایش کەرانی شار دەکەمەوە. نازانم ئەمە شتێکە تایبەتە بە خۆم، یان هەستی هەموو پیاوانی شارە، وا هەست دەکەم لە شاردا هەروەکوو لە سەیرانبم. لە شانۆ حەزدەکەم لە نزیك ئافرەتان دابنیشم. جوانە بەناوبانگەکان کە شەش کات ژمێریان بۆ خۆ ئامادەکردن بەسەر بردووە بۆ تەماشاکردنیان. کچانی گەنجی کولّمە سوور لە یاریگاکان. کاتێك کەش و هەوا گەرم دادێ ، کچان بە جل و بەرگی هاوینەوە."

مایکل خواردنەوەکەی تەواوکرد." ئەمە چیرۆکەکەیە." فرانسیس خواردنەوەکەی تەواوکرد. بە دوو سێ جار قووتی دا.

"ووتت منت خۆش دەوێ؟"

" تۆم خۆش دەوێ"

فرانسیس ووتی" منیش جوانم"، " وەکوو ئەوان جوانم."

مایکل ووتی " تۆ جوانی."

فرانسیس ووتی" من بۆ تۆ باشم" ، بەرگری دەکرد، من هاوسەرێکی باشم ، ژنی مانّی باشم." هەموو شتێکم بۆ کردوویت."

مایکل ووتی " دەزانم" دەستی بلاّوکردەوە و فرانسیسی خستە باوەشی.

فرانسیس ووتی" تۆ دەتەوێ سەربەخۆبیت"

" ش...ش – بێ دەنگ بە"

فرانسیس " ڕاستی بلّێ" دەستی لە ژێر باوەشی مایکل دەرهێنا.

مایکل بە سەری پەنجەکانی لە لێواری پەرداخەکەی دەدا.

بەنەرمی ووتی " ئۆکەی - باشە" ، " هەرکاتێك تۆ بلّێ ی"

" ڕاستە، هەندێ جار حەزدەکەم سەربەخۆبم."

فرانسیس ووتی" باشە"،" هەرچ کاتێك دەتەوێ."

مایکل کورسیەکەی جولاّند بۆ نزیك فرانسیس و دەستی لەسەر شانی دانا و ووتی " گەمژە مەبە"

فرانسیس بە بێ دەنگی دەستی کرد بە گریان و بە دەستەسڕەکەی فرمێسکەکانی دەسڕیەوە. خۆی چەماندەوە بۆ ئەوەی کەس لە باڕەکەدا هەستی پێ نەکا.

فرانسیس بە گریانەوە ووتی " ڕۆژێك دێت ، بڕیار بدەیت"

مایکل هیچی نەگووت. دانیشتبوو ، سەیری خەڵکی ناو باڕەکەی دەکرد.لیمۆیان پاك دەکرد.

فرانسیس بە دەنگێکی ڕەق ووتی " وانییە؟" دەی پێم بلّێ " وانییە؟"

مایکل ووتی "لە وانەیە وابێ" کورسیەکەکەی ڕاکێشایە دواوە بۆ شوێنی خۆی " نازانم کەی".

فرانسیس سوور بوو لەسەر قسەکەی" دەزانی" ،" وانییە؟"

دوای ماوەیەك مایکل ووتی" بەڵێ " ،" دەزانم."

فرانسیس لە گریان وەستا. دوو سێ جار لووتی سڕی و دەستەسڕەکەی لە دەم و چاوی لاداو کەس هەستی پێ نەکرد.

فرانسیس ووتی " دەکرێ چاکەیەکم لەگەڵ بکەی؟" ،"بەڵێ بە دڵنیاییەوە."

" تکایە چیتر مەڵێ ئەم ژنە جوانە، مەڵێ چاوی جوانە، مەڵێ مەمەکانی جوانە، مەڵێ ڕووخساری جوانە، مەڵێ دەنگی خۆشە و ناسکە"

" فرانسیس لاسایی دەنگی مایکلی دەکردەوە."، " بۆم باس مەکە"

مایکل" دەستی بۆ ساقییەکە بەرز کردەوە" ووتی" باشە چیتر باسی ناکەم."

فرانسیس لاچاوەکانی خوراند. " داوای پێکێکی تری لە ساقی کرد."

مایکل ووتی " تکایە دوو پێکی تر."

ساقی ووتی " بە لێ خانم ، بەڵێ گەورەم" و ڕۆیشتە دواوە.

فرانسیس بە ساردی هەڵسوکەوتی لە گەڵ مایکل کردو و ووتی" تەلەفۆن بۆ ستیڤنسنس بکەم؟"

" سەیرانی دەشت خۆش دەبێت"

مایکل ووتی " بەڵێ، تەلەفۆنیان بۆ بکە."

فرانسیس هەڵساو لە ژوورەوە بەرەو تەلەفۆنەکە ڕۆیشت.

مایکل چاودێری ڕۆیشتنی فرانسیسی دەکرد.

" تەماشاکە، ژنە گەنجێکی جوانە، سەیری قاچەکانی بکە، چەند جوانە."

By The Waters of Babylon
Fifty Great American Short Stories
Translated into Kurdish language

By
Assistant professor Dr. Mohammed Azeez Saeed
Mohammed.aziz@su.edu.krd
Salahaddin University-Erbil
July 2019

(وێنەی ڕاستەقینەی بۆردوومانی شاری گیورنیکا 1937/4/26)